شیکاری تاوانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە: ستراتیژی سەربازیی جەنگی ئێران و عێراق لە هەڵەبجە و پاڵنەرە سیاسییەکانی پشت تاوانەکە (١٩٨٨/٣/١٦)

تحليل جريمة الهجوم الكيميائي على حلبجة: الاستراتيجية العسكرية العراقية والدوافع السياسية وراء الجريمة

Analysis of the Halabja Chemical Attack Crime: Iraqi Military Strategy and Political Motives Behind the Crime

هۆشمەن عەتا مەحمود [1]

[1] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hoshman.mahmod@uoh.edu.iq

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە ستراتیژی سەربازیی پشت بۆردومانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە شرۆڤە دەکات، دەچێتە ناو قوڵایی بڕیاری سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بریتییە لە ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە کە لە سەرەتای ئەنجامدانی تاوانەکەوە و هەتاوەکوو ئێستاش هەن سەبارەت بە لایەنی ئەنجامدەر، کە ئایا ئێران یان عێراق بووە تاوانەکەی ئەنجامداوە؟ توێژینەوەکە پشتبەست بە سەرچاوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق دەیەوێت ئەو ڕاستییە دەربخات. توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی میژوویی شیکاریی، دەیەوێت لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێران لە داگیرکردنی هەڵەبجە و کاردانەوەی ڕژێمی عێراق و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی هێرشەکە و کاریگەرییە جیۆپۆلیتیکییە فراوانەکانی بکۆڵێتەوە، ئەویش بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنەکان، لەوانە بەڵگەنامە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق، چاوەڕە جیاوازەکان وەک ئەنجامدەران، قوربانیان و ڕزگاربووان، ئەوە سەرباری سەرچاوەی لاوەکی میژوونووسانی ناوخۆیی و دەرەکی. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی تاکتیکی پشت بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە دەڕوات. باس لەوە دەکات کە بۆردومانەکە تەنها مانۆڕێکی تاکتیکی نەبووە، بەڵکو کردەوەیەکی سەربازی پلان بۆ داڕێژراو بووە، کە ئامانج لێی سەرکوتکردنی بەرخۆدانی کورد و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە و سزادانی بەکۆمەڵی دانیشتوانی هەڵەبجە بووە.

وشە کلیلییەکان: جەنگی عێراق-ئێران، ئۆپەراسیۆنی والفجر ١٠، هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق، کیمیاییبارانی هەڵەبجە.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10722
ڕێککەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٤/١٠/١٣ | ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٦ | ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١١/٥
ئیمەیلی توێژەر	hoshman.mahmod@uoh.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	© ٢٠٢٥ د. هۆشمەن عەتا مەحمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

الملخص:

تتناول هذه الدراسة شرح الاستراتيجية العسكرية وراء القصف الكيمياوي لحلبجة، ودخولها في أعماق القرار السياسي والعسكري للدولة العراقية بارتكاب هذه الجريمة. سبب اختيار هذا العنوان هو تبديد الشكوك التي كانت موجودة منذ بداية الجريمة ولا تزال قائمة حول الجاني، سواء كانت إيران أو العراق هي من ارتكب الجريمة. وتسعى الدراسة، التي تستند إلى مصادر عراقية رسمية، إلى كشف هذه الحقيقة. باستخدام منهج تحليلي تاريخي، تهدف الدراسة إلى دراسة الأهداف الاستراتيجية الإيرانية في احتلال حلبجة، ورد فعل النظام العراقي على الهجوم وتداعياته الجيوسياسية الواسعة، باستخدام المصادر الأصلية بما في ذلك الوثائق العسكرية للحكومة العراقية، والشهود، والضحايا والناجين. بالإضافة إلى المصادر الثانوية للمؤرخين المحليين والأجانب. يتمثل السؤال الرئيسي للدراسة في الإجابة على التكتيكات وراء استخدام الأسلحة الكيميائية في حلبجة. ويقول إن القصف لم يكن مجرد تدريب تكتيكي، بل كان عملاً عسكرياً مخططاً يهدف إلى قمع المقاومة الكردية، والسيطرة على المنطقة، ومعاقبة سكان حلبجة بشكل جماعي.

الكلمات المفتاحية: الحرب العراقية الإيرانية، عملية الفجر ١٠، قوات البيشمركة، الجيش العراقي، الهجوم الكيميائي على حلبجة.

Abstract:

This study explains the military strategy behind the chemical bombing of Halabja, going into the depths of the political and military decision of the Iraqi state to commit this crime. The reason for choosing this title is to dispel the doubts that have existed since the beginning of the crime and still exist about the perpetrator, whether Iran or Iraq committed the crime. The study, based on official Iraqi sources, seeks to reveal this fact. Using a historical analytical approach, the study aims to examine Iran's strategic objectives in the occupation of Halabja, the Iraqi regime's reaction to the attack and its broad geopolitical implications, using original sources, including Iraqi government military documents external. The main question of the study seeks to answer the tactics behind the use of chemical weapons in Halabja. He says the bombing was not just a tactical exercise, but a planned military action aimed at suppressing the Kurdish resistance, taking control of the area and punishing the residents of Halabja en masse.

Keywords: Iraq-Iran war, Operation Al-Fajr 10, Peshmerga forces, Iraqi army, Halabja chemical attack.

پێشەکی

تاوانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە کە لە ڕۆژی ١٦ی ئادارى ١٩٨٨ ڕوویداوە، سەرباری تێپەڕینی ٣٨ ساڵ بەسەریدا هێشتا لە ناوەندە ئەکادیمیی و سیاسییەکانی دوونیادا جێگەی مشتوومڕە، ئامار و زانیاری تەواو سەبارەت بە زیانە مرۆییەکان لەبەردەستدا نییە، لە بوارى ژمارەی شەهیدان، بریندارانی، بێسەروشوێنان، منداڵە ونبووەکان، قوربانیانی لایەنە شەڕکەرەکان (بەتایبەتی سوپای پاسداران و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی و سوپای عێراق و جاش)، ژمارەی ئەوانەی کە لە پاش ڕووداوەکە لە دەرەوەی کوردستان یان ناوخۆی نەگەڕاونەتەوە. لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان، بەتایبەت لە میدیای فەرمی و سۆشیاڵ میدیای عەرەبیدا، دەگوترێت کە ئێران چەکی کیمیایی لە دژی هەڵەبجە بەکارهێناوە، ئەویش بە ئامانجی بەدناوکردنی عێراق لەو قۆناغەدا. ئەم گوتارە، تەنها پڕوپاگەندەیەك نییە کە خەڵکی ئاسایی بیکەن، بەڵکو لە ساتی دادگاییکردنی سەرانی پێشووی ڕژێمی عێراق، هیچیان بە ئاشکرا و بە ڕوونی دانیان بەو تاوانەدا نەنا. تەنانەت کەسێکی وەك نزار ئەلخەزرەجی، کە لەوکاتەدا بەرپرسیارێتی سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی سوپای عێراق لە ئەستۆدا بووە، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە

چاوپێکەوتنێك كە لە ئەوروپا لەگەڵیدا ئەنجامدراوە دانیپێدادەنێت كە سوپای عێراق ئەو چەكەی بەكارهێناوە، بەڵام هەر خۆی پاشتر لە چاوپێکەوتنێکی دیکە لە کەناڵێکی دیکەی عەرەبی و پاشتر لە چوارچێوەی کتێبێکدا کە لە ٢٠١٤ بڵاویکردووەتەوە، نکوڵی لە بەرپرسیاربوونی عێراق لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە دەکات!!

ئەوە تەنها لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی ئەمریکاش، نووسەرێك بەناوی ستیڤن س. پێلیتایەر کە پێشتر ئەفسەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بووە لە کتێبێکدا بەناوی (The Iran-Iraq war: Chaos in the vacuum) کە لە 1992 چاپکراوە ئەنجامدانی تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق کە هەردووکیان گازی کیمیاییان لە دژی هاوڵاتیان لە هەڵەبجە بەکارهێناوە. (Pelletiere, 1992: P,137) لە کتێبێکی دیکە بەناوی (Oil and the Kurdish Question, How democracies going to war in the era of late capitalism) لە 2016 چاپکراوە، بە ڕوونی بە هێنانەوەی چەندین بیانوو و گریمانە تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ئێران. (Pelletiere, 2016) ئەم کتێبە بەرپرسیاربوونی ئێران و هەوڵەکانی ئەمریکا لە دواتردا بۆ تاوانبارکردنی عێراق لەپێناو ئامانجی سیاسیدا دەخاتەڕوو. لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش، هەندێکجار لەسەر ئاستی تاك و هەندێکجار لە میدیای نەیاری دەسەڵاتی ئێستا، هێزە کوردییەکان تاوانبار دەکرێن بە هێنان و پێشڕەویکردنی سوپای ئێران، تەنانەت خەڵکی هەڵەبجەش تاوانبار دەکرێن بە پێشوازی کردن لە سوپای ئێران. ئەم توێژینەوە، هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو گوتارەکە، بە بەکارهێنانی سەرچاوەی بنەڕەتیی و لاوەکی، بە زمانە جیاوازەکان، شیکاری بۆ ئەو پرسە دەکات.

گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە هەوڵیداوە لەڕووی سەربازییەوە دیوێکی تری کەمباسکراوی ڕووداوەکە پێشکەش بکات، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین کە توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەم بوارەدا زۆر کەم و دانسقەن.

میتۆدی توێژینەوەکە:

بەگشتی میتۆدی ئەم توێژینەوە، میتۆدی مێژوویی شیکارییە، بەڵام هەندێکجار، هەوڵدراوە، مێژووی سەربازیی و جەنگ لەگەڵ دیوە سیاسییەکەی هەماهەنگ بکات، ئەویش بە ئامانجی ڕوونبوونەوەی وێنە گەورەکە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە چوار باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەم، هەوڵدراوە زەمینەسازییەکانی ئامادەکردنی ئۆپراسیۆنەکە لەلای هێرشبەر و بەرگریکار و چۆنیەتی ئامادەکاری پلانەکە بخرێتەڕوو، لە باسی دووەمدا، قەبارەی هێزی سەربازیی هەردوولا بە داتا خراوەتە ڕوو. لە باسی سێیەمیشدا، لێکەوتەکانی تاوانەکە و دەنگۆکانی بەرپرسیاربوونی عێراق و ئێران خراوەتە ڕوو. لە کۆتا باسیشدا، بەڵگەکانی تاوانباربوونی عێراق بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خراوەتە ڕوو.

باسی یەکەم: ئامادەکارییەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی عێراق:

بەدرێژایی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨، هەڵەبجە مەیدانی جەنگ و ململانێ بووە. بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیاییەکەی کە نزیکە لە سنوورەوە، لەهەمانکاتدا بەهۆی تۆبۆگرافیای جیاواز و ناوچەی شاخاوییەوە، پەناگەی هێز و لایەنە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، نەك هەر پێشمەرگە و پەنابەرانی سیاسی، بەڵکو خێزانی بەشێکی زۆری پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆگرتبوو. لەلایەکی دیکەوە، لە ١٩٧٨ گوندە سنوورییەکانی هەڵەبجە و دواتریش بەدرێژایی ساڵانی جەنگ تەواوی گوندەکانی تری سنووری قەزاکە و تەنانەت ناحیەکانی بیارە و خورماڵ کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە هەڵەبجە بوون بەر پرۆسەی ڕاگواستن کەوتن، دانیشتوانی ئەو ناوچانەش، لە کۆمەڵگە زۆرە ملێکانی وەك عەنەب، زەمەق، خورماڵ و سیروان کۆکرابوونەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەو

کۆچە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆری لێکەوتەوە، بەڵام یەکێك لەو لێکەوتە خراپانە، سەرهەڵدانی دیاردەی بێکاریی بوو، کە بەشێك لە هاوڵاتیانی ناچار دەکرد بچنە ڕیزی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی، یان وەك فەرمانبەر دامەزرێن، یان هەندێکجار وەك سەربازی هەڵهاتوو پەنایان دەبردە ناوچە قەدەغەکراوەکان. سەرباری ئەوەی چالاکی پێشمەرگایەتی و جموجوڵی حیزبی لەناو شار زۆر بەهێز بوو، بەتایبەت لە شەواندا، ئەوەش ڕەوشێکی سەربازی نائاسایی بەخشیووەتە شارەکە.

هۆکارێکی دیکە ئەو میلیتاریزە بوونە، بەردەوامی جەنگ و تۆپبارانی ناوبەناوی ئێران بوو بۆ سەر شارەکە و سنوورە جوگرافییەکەی بووە. ئەوەش وایکردبوو زۆرینەی هاوڵاتیان، لەناو خانووەکانیان بۆ خۆپاراستن، پەنا ببەن بۆ دروستکردنی ژێرزەمین و پەناگە، یان پەنا ببەنە دەرەوەی شار بەتایبەتی گوندە نزیکەکانی شار بۆ خۆحەشاردان و پاراستنی خێزان لە دۆخی لەناکاودا. زۆرجارریش خەڵکی شار بە ئاشکرا ڕووبەڕووی هێزەکانی عێراق بوونەتەوە، بۆ ئەوەش باجی قورسیان داوە، بەتایبەتی لە خۆپێشاندانی ١٩٨٧/٥/١٣، کە سوپا و دامەزراوە ئەمنییە عێراقییەکان، گەرەکی کانی عاشقانیان لەگەڵ زەوی تەختکرد، پاشان بریندارەکانیان لە نەخۆشخانە برد و لە پشتی گوندی بامۆکی

٢-٣ کلیۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە زیندەبەچاڵیان کردن.

بەگوتەی یەکێك لە شایەتحاڵەکان، پاش خۆپێشاندانەکانی ١٩٨٧/٥/١٣ و ڕاگواستنی ئەو ژمارە زۆرەی گوندەکان بۆ نێو شارەکە و ئۆردووگا زۆرەملێکانی سنوورەکە مابوونەوە، هەڵەبجە و ناوچەکە سیمایەکی سەربازیی وەرگرتبوو. سەدان سەربازی هەڵهاتووی عێراق (فیرار) لە جەنگ خۆیان لەناو خەڵکدا حەشاردابوو. بەپێی گێڕانەوەکانی لوقمان عەبدولقادر کە خۆی سەربازی هەڵهاتوو بووە، چەند ڕۆژێك بەر لە هێرشی ئێران بۆ سەر هەڵەبجە، هەندێك کەس کە لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکانی لایەنە کوردییەکاندا بوون ئاگاداریان لە ڕووداني جەنگێکی لەو شێوەیە هەبووە. تەنانەت جوڵەی سوپای ئێران بەتایبەت لە شەواندا بەڕوونی دیاربووە، کە سەرقاڵی چاککردنی ڕێگای دزڵی بۆ ملەخورد بوون. (هەورامانی، ٢٠١٧: ١٢)

سەرەتای هێرشەکە کە لە کاتژمێر دووی بەرەبەیانی ١٩٨٨/٣/١٣ دەستیپێکرد، کاتێك کە لە هەرسێ بەرەی شەڕەوە، زنجیرە چیای باڵامبۆ، شنرۆ و هەورامان پێکداهەڵپژانی سەربازی بە دەنگی تەقەی توپ و هاوەن و ڕاجیمە و بە بینینی فیشەکی گڕدار بە ئاسانی هەستی پێدەکرا. لە ڕۆژی ١٤ی ئادار، شەڕ لوتکەی چیاکانی تێپەڕاندوو و نزیکبوویەوە لە ناوشار. سوپای ئێران لە هەموو قۆڵەکانەوە نزیك ناو شاری هەڵەبجە بووەوە، سەربازی عێراق هەڵهاتووی شەڕ بەناو کۆڵانەکانی هەڵەبجەدا بە ئاڕاستەی ناحیەی سیروان ڕۆیشتوون. لەپڕ هێزێکی ئێران لە قۆڵی ناوچەی نەورۆلییەوە دەگەنە نزیك گەرەکی گوڵانی خواروو و بەربەستێك لە بەردەم سوپای عێراق دادەنێن و ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییانەش وەك تانك و زرێپۆش و ئۆتۆمبێل گواستنەوەی کەسی وەك زیل و ئیڤا دەسوتێنن، ناچار بەرەو گوندی عەنەب هەڵدێن، لەوێش سوپای عێراق دەیەوێت بە هاوکاریی سێ فڕۆکەی جۆری هەلیکۆپتەر ژمارەیەك سەرباز وەك هێزی پشتیوان دابەزێنێت، بەڵام سودی نابێت و زۆربەیان یان دەکوژرێن یان دەستگیر دەکرێن یات هەڵدێن. هەرچەندە جەنگەکە بەگشتی بەچواردەوری شاری هەڵەبجەدا بووە، واتە ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی لەناو شاردا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای ئێران بەردەوام تۆپبارانی ناوشاری کردووە، بەو هۆیەوە چەندین هاوڵاتی مەدەنی شەهید و بریندار بوون، لە ئەنجامی بەردەوامی بۆردوومانەکان، لە هەندێك شوێندا مردووەکان بەشێوەیەکی کاتی لە حەوشەی مزگەوتەکاندا نێژراون. سەرئەنجام ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی ئادار، دوای ئەوەی ناوشاری هەڵەبجە بە تەواوی کەوتە دەست سوپای پاسداران و هێزی پێشمەرگە، سوپای پاسداران بە ئاڕاستەی پردی زەڵم و قوڵایی شارەزوور پێشڕەوی کرد. (هەورامانی، ٢٠١٧: ١٣-١٩) لە ئەنجامی بەردەوامیی ململانێی سەربازی نێوان عێراق و ئێران، شەڕەکە لە کۆتاییەکانیدا پێی نابووە قۆناغێکی ترسناکەوە، بەتایبەت بۆردومانکردنی شارەکانی یەکتری، هێزەکانی عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ نزیکبوونەوە لە دەرکردنی هەموو ئەو هێزە ئێرانییانەی کە دوای ١٩٨٦ لە ناوەڕاست و باشووری عێراق پێشڕەوییان کردبوو. ئەم هێرش و دژە هێرشانە سەرلەنوێ بابەتی هەڵەبجەی هێنابووە ناوەوە، لە

سەرەتادا ئێرانییەکان ناوچەی ماوەتیان هەڵبژاردبوو بۆئەوەی لێیەوە بە ئاڕاستەی شاری سلێمانی پێشڕەوی بکەن، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو گرفت و ڕێگریانەی کە لە بەردەم هێرشی (بەیتولموقەدەسی ٢) دروستبوون، بەتایبەتی زانیاریی هێزەکانی عێراق سەبارەت بە ئەگەری هێرشەکە، نالەباری کەشوهەوا و بەردەوامی هێرشەکانی عێراق بۆ سەر بارەگاکانی یەکێتی و لایەنەکانی دیکە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، وردە وردە سەرنجی هێرشەکەی ئێران بە ئاڕاستەی هەڵەبجە و بەنداوی دەربەندیخاندا گۆڕا. (عەلی، ٢٠١٨: ١٧٩-١٨٢)

بەهۆی گۆڕانکارییەکانی هێز لە مەیداندا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨، سەرباری چەند هێرشێکی یەك لە دوای یەکی ئێرانییەکان بۆ سەر ناوچەی ماوەت، هەرچەندە هەندێك پێشڕەوی کرا، بەڵام نەتوانرا، دەستکەوتی ئەوتۆ هەبێت. لە مانگی شوباتدا سوپای عێراق هێرشی چڕوپڕی کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لە چوارچێوەی ئەنفالی یەك لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو. ئەو هێرشانە بەڕادەیەك بەهێزبوون، بۆ خاوکردنەوە و دەرفەت بۆ ئامادەسازیی، یەکێتی ناچاربوو داوا لە ئێران بکات بەرەیەکی دیکەی جەنگ لە قەڵادزە یان هەڵەبجە بکەنەوە کە پێشتر پلانی بۆ کێشرابوو، بەڵام دواتر لەبەر کۆمەڵێك هۆکار پلانی هەڵەبجە پێشخرا، دیارترینیان ئەوەبوو هێزەکانی عێراق لەم ناوچەیەدا لاوازتربوون و دووربوو لە سەرکردایەتی یەکێتی. لە ئەنجامدا، کۆبونوەیەك لە کرماشان لە نێوان شاندی یەکێتی کە لە فەرەیدون عەبدولقادر، شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی خالید و شاندی ئێران کە پێکهاتبوون لە محمد مقدم تهرانی و دهقانی، سلیمانی، شەهلایی ئەنجامدرا و گەیشتنە ڕێکەوتنێك، بەپێی ڕێکەوتنەکە نەخشەسازیی و پلان و ئەرك و ڕۆڵی هەر لایەك دیاریکرا (مشیر، ١٩٨٨ : ٨٠-٩١).

ئێران سەرکەوتنی ئەم ئۆپەراسیۆنەی زۆر بەلاوە گرنگبوو، هەربۆیە خودی هاشمی ڕەفسنجانی فەرماندەی باڵای جەنگ و حەسەن ڕۆحانی و چەند فەرماندەیەکی دیکە لە ڕێگەی شاری مەریوانەوە خۆیان دەگەیەننە بنکەی قەرارگای خاتم الأنبیاء لە شاخی سورێن کە دەیڕوانی بەسەر مەیدانی جەنگدا، هەر لێرەوە ڕەفسنجانی ئۆپەراسیۆنەکەی ناونا والفجر ١٠. (حەسەن و محمدئەمین، ٢٠٢٠: ٦٠٨) ئێرانییەکان بە ئاڕاستەی فراوانکردنی بەرەکانی جەنگ پەلیان دەهاویشت، بە ئامانجی کەمکردنەوەی فشارەکانی سوپای عێراق لە بەرەکانی باشوور و ناوەڕاستەوە. هەروەها لایەنە کوردییەکانیش لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەکەیان و ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە زوڵم و ستەمی بەعس بە پەرۆشبوون بۆ ئەو هێرشە و هاوکارێکی بەهێزی پرۆسەکە بوون، ئەوە جگە لە ناڕەزایەتی خەڵکی هەڵەبجە لە ڕژێم بەتایبەتی دوای خۆپیشاندانەکانی مایسی ١٩٨٧. (عەلی، ٢٠١٨: ١٨٠-١٨١)

بایەخی ستراتیژی هەڵەبجە لەوەدابوو کە نزیکەی حەوت میل لە بەنداو و دەریاچەی دەربەندیخانەوە دووربوو، بەنداوەکەش کۆنترۆڵی بەشێکی گرنگی ئاوی بەغدای پایتەختی دەکرد، کۆنترۆڵی ڕێڕەوی ئاوی ڕووباری سیروان، دەسەڵاتێکی سیاسی بایەخداری دەبەخشییە ئێران. ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە؛ داگیرکردنی هەڵەبجە ئامانجێکی سەرەکی لە مێژینەی ئێران بوو، هەروەها ڕێگایەك بوو بۆ پێشڕەوی هێزەکانی ئێران بە ئاڕاستەی سلێمانی. لە لایەکی دیکەوە، ئامادەیی سەربازیی و سوپایی عێراق لەم ناوچەیە کە بتوانێت بەرگری لەسنورەکە بکات لاوازبوو، ئەوەجگە لەو باڵادەستییەی کە هێزی پێشمەگە لە سنوورەکەدا هەیبوو، ئەو هۆکارەش ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی خێرای ئێرانییەکان. ترس لە گرتن و بڕینی ڕێگای سەرەکی سلێمانی بەغدا و تەقاندنەوەی تونێلی دەربەندیخان، بە تەواوی حکومەتی عێراق نیگەران کردبوو. لەلایەکی دیکەوە، ئێرانی لە ناوچەی قەرەداغ نزیك دەکردەوە کە هێزی پێشمەرگە تێیدا باڵادەستبوو، لەوێشەوە دەستی ئێران واڵادەبوو بۆ گەرمیان و گەیشتن بە بیرەنەوتەکانی کەرکوك، کە وەك ئەگەرێکی جێگرەوەی بەسەر دەبینرا، ئەوە جگەلەوەی کە هەمیشە یەکێك لە ئامانجەکانی ئێران لە پێشڕەوی لە کوردستان لێدان بووە لە پێگەی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی وڵاتەکەی. (عەلی، ٢٠١٨: ١٧٩-١٨٢)

حەمەی حەمەسەعید فەرماندەی سەربازی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە سنوری هەڵەبجە و بەشداری بەشێك لە ئامادەکاریی و جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنەکە بووە، دەربارەی ئەوەی کە بۆچی هێرشی سەر هەڵەبجە ئەنجامدراوە، ئەو پێیوایە کە لە پاش تێکچوونی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستانی یەکێتی و حکومەتی عێراق لە ١٩٨٥/١/١٥ لە ئەگەری هاوکاری یەکێتی لەگەڵ ئێران و هێرش بۆسەر پێگەکانی لە باشووری کوردستان، عێراق هەڕەشەی توندی کردبوو، یەکێتیش لە وەڵامدا ڕایگەیاندووە کە چیان لەدەست دێت بیکەن، ئەوانیش (یەکێتی) هەرچیان لە دەستبێت درێغی ناکەن. بەبڕوای ئەو عێراق ئەنفال و کیمیاییبارانی کوردستانی کرد، یەکێتیش بە پشتگیریی ئێران هێرشی کردە سەر ئەوان. (حەمەسەعید، ٢٠١٦: ٥٧٨)

قسەوباس لەبارەی هەڵەبجە و پلانی گرتنی شارەکە لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٨٨ەوە هەبوو، سەرەتا پێشنیازی ناوچەی پێنجوێن و چەمی شلێر کرا لەبری هەڵەبجە، بەو پێیەی کە ناوچەیەکی پێچ و کەنارە دەتوانرێت پارێزگاری لێبکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی، کە پێشتر یەکێتی و ئێران لەسەر پلانەکە ڕێکەوتبوون نەتوانرا گۆڕانکاری لە پلانەکەدا بکرێت. لەکاتی پەلاماری سەر سەرکردایەتی یەکێتی و زیادبوونی فشارەکان و چڕبوونەوەی هێرشەکان فەرەیدون عەبدولقادر و دکتۆر فواد مەعسوم لە ئێران بوون، لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە ڕاسپێردران بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئێرانییەکاندا سەبارەت بە خستنەگەڕی پلانی هێرشی سەر هەڵەبجە و پەلەکردن لە جێبەجێکردنیدا، چونکە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی لە ١٩٨٨/٢/٢٣ەوە لەچوارچێوەی ئەنفالی یەکدا دووچاری شەڕێکی دەستەوێخە بوو لەگەڵ سوپای عێراق. (عەلی، ٢٠١٨: ٢١٧) پاڵنەری سەرەکیش بۆ ئەو کارە بۆ ئەوەبوو، ئەگەر سوپای عێراق بارەگای سەرکردایەتی لە جافایەتی داگیرکرد، شۆڕێکی بەدیل هەبێت. نەك هەر یەکێتی، بەڵکو سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کە بارەگای سەرکردایەتیان لە ئێراندا بوو خوازیاربوون کە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان بارەگای خۆیان بکەنەوە. شەوکەتی حاجی موشیر، کە دواتر بووە بەرپرسی گشتی هێزەکانی یەکێتی لە هەڵەبجە، لەوکاتەدا لە ئێران بوو، زۆر دەمێك بوو بیری لە ئازادی هەڵەبجە کردبووەوە، نەخشەی ئامادەکراوی بۆ ئەو مەبەستە هەبوو. هێرشی سەر هەڵەبجە یەکەم پرۆژەی بەرەی کوردستانی بوو، لەپێناو ئازادکرنی بەشێك لە خاکی کوردستان و کردنی بە پێگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بۆ هێزی پێشمەرگە. (عەلی، ٢٠١٨: ٢١٨).

لەوکاتەدا دەنگۆی ئەوە هەبوو، ئێران بە هاوکاری لایەنە کوردییەکانی باشوور سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ هێرشێك لە سنوری شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ سەر شاری قەڵادزێ و پاشان ڕانیە لە باشووری کوردستان هەتا کۆنترۆڵکردنی چیای هەیبەت سوڵتان کە دەڕوانێت بەسەر شاری کۆیە و پاشان دەستبەسەردا گرتنی بەنداوی دوکان. ئامانج لەم هێرشە هەڵوەشانەوەی هێرشی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق بوو بۆسەر سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و بنگرد و دوکان. لە گریمانەی سەرکەوتنی ئەم هێرشە، دەبوو لە قۆڵێکی دیکەوە هێرش بکرێت بۆسەر هەڵەبجە و دەستبەسەر بەنداوی دەربەندیخاندا بگیرێت، لە قەرەداغ و گۆڵە زەردەوە هێزەکان لەگەڵ دوکان و چیای پشتی کلکە سماق و هەیبەت سوڵتاندا یەکبگرن. لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو پلانە، ناوەندی پارێزگای سلێمانی و چەندین قەزا و ناحیە دەستی بەسەردا دەگیرێت. (حەمەسەعید، ٢٠١٦: ٥٧٦)

یەکەمین دانیشتنی کردارەکی نێوان یەکێتی و ئێرانیش لە ١٥ ی شوباتی ١٩٨٨ لە کرماشان ئەنجامدرا، شاندی یەکێتی لەو دانیشتنەدا پێکهاتبوون لە (فەرەیدوون عەبدولقادر، شەوکەتی حاجی موشیر، حامیدی حاجی خالید) شاندی ئێرانیش بریتیبوون لە (محمد تارانی، دەهقانی، سلێمانی، شەهلایی) هەردوولا دوای چوار ڕۆژ لە گفتوگۆ گەیشتنە ڕێکەوتنێك لەوانە؛ دابەشکردنی ڕۆڵ و هەماهەنگی، هێزەکانی ئێران و هێزی بەدری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەرپرسیاربوون لە گرتنی هەموو چیاکانی (شنرۆ، باڵامبۆ، مەگڕ، ملەی داڕێ) و سەربازگەکانی ئەو چیایانە، پاشان پرسەکانی دیکەی وەك چارەنووسی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران و مەسەلەی دیلەکانی جەنگ کوردەکان بۆ هێزە کوردییەکان

و عەرەبەکان بۆ ئێران و ئەنجومەنی باڵا، ئەو چەکانەی کە لە جەنگدا دەستکەون، چەکی سوك بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و چەکە قورسەکانیش بۆ ئێران. (حەسەن و محەمەدئەمین، ٢٠٢٠: ٦٠٨).

ئێرانیەکان پلانی هێرشێکیان هەبوو لە ماوەتەوە بۆ گرتنی بەرزاییەکانی نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و هێزەکەی ئێران لە ناوچەی ماوەت، بەڵام بە بیانووی نالەباری کەشوو هەوای زستان و بەربەستی سروشتی رێگری لەبەردەم ئەو هێرشە دروستکرد، هەربۆیە جێبەجێکردنی نەخشەکەیان گۆڕی بۆ گرتنی هەڵەبجە. بە بڕوای حەمەی حەمە سەعید ئێران لەو گۆڕانکارییە دوو ئامانجی هەبووە، یەکەمیان دەرکردنی هێزە نەیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە لە سنوری هەڵەبجە و هەورامان، دووەم، هێزەکانی عێراق لە بەرەی ماوەتەوە بەرگری بەهێزیان دەکرد، ئێران نەیتوانی پێشڕەوی بکات، هۆکاری بەرگرییە بەهێزەکەش بەڕای ئەو ئەوە بووە کە عێراق زانیویەتی لە ئەگەری سەرکەوتنی ئێران، ناوچە ڕزگارکراوەکانی بندەستی یەکێتی لەگەڵ ئێران ڕێڕەوێك دروستدەکەن کە دەبنە مەترسی بۆسەر بەنداوی دوکان و شاری سلێمانی و بڕینی ڕێگای هەولێر بۆ سلێمانی دروست دەبێت. (حەمەسەعید، ٢٠١٦: ٥٧٧)

هەموو ئەو ئامادەکارییانەی یەکێتی و بەرەی کوردستانی لەکاتێکدا بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە ئاشنابوون لەگەڵ چەکی کیمیاییدا، لە کۆتاییەکانی ١٩٨٤ و سەرەتای ١٩٨٨ دا ڕژێمی عێراق چەندینجار لە جەنگ دژی ئێران و لە کوردستان ئەو چەکەی بەکارهێنابوو، هەربۆیە پێشبینی دەکرا کە عێراق چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت. تەنانەت بەشێك لە هێزە ئێرانییەکان ماسکی دژە گازی کیمیاییان پێ بوو، ئەوەش بە ڕوونی لەو ڤیدیۆیانەدا دەردەکەوێت کە لە ساتی هێرشەکەی سەر هەڵەبجە سەربازە ئێرانییەکان ئەو کەرەستە بەکاردەهێنن. ئەوە لەکاتێکدا کە خەڵکی سڤیل هیچ ئاگاییەکیان لەو چەکە نەبووە، بەگوتەی زۆرێك لە چاوەرەکان، هۆکاری زۆری قوربانییەکان نا ئاشنایی و نا هۆشیاری خەڵك بەرانبەر بەو چەکە بووە.

هێزەکەی یەکێتی کرا بەدوو ڕەتڵ و دوو هێز، ١٢٥ پێشمەرگەی تیپی ١١ی هەورامان کە شارەزای ناوچە و باشترین هێزی هێرشەکە بوون، ٥٠ پێشمەرگەیان لەگەڵ تیپی ٥٣ ی شێروانە بە سەرپەرشتی قادر کۆکۆیی وەك هێزێك ئەرکی گرتنی سەربازگە و تۆپخانەی دەڵەمەڕیان پێسپێردرا، هێزێکی تیپی باڵەك، کۆڕەك، کاروخ، لەگەڵ ٣٠ پێشمەرگەی تیپی ١١ی هەورامان، بەسەرکردایەتی حامیدی حاجی خالید و حەمەی حەمە سەعید و قادر خەبات وەك بازنەی یەکەم پێکەوە پێشڕەوی دەکەن. ١٥٠ پێشمەرگەی تێکەڵ دیکە بەسەرپەرشتی شەوکەتی حاجی موشیر و هەندێك فەرماندەی دیکە بڕیاربوو بە ئاڕاستەی گوندی ڕێشاو و سازان بجوڵێن و چاوەڕێ گرتنی شاری هەڵەبجە بکەن. هەروەها تیپی ٣٣ی سورێن بە سەرپەرشتی کەمال شاکر شەوی پێش هێرش بچنە ناو شار و بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناوشار لەکاتی هێرشەکە پەلاماری هەندێك شوێن دەدەن. بارەگای سەرپەرشتی هێزەکانی یەکێتی بڕیاردرا لە گوندی هاوارە کۆن بێت. بۆ بڕینی ڕێگای هەڵەبجە-سلێمانی سۆشیالیست و هێزەکانی قەرارگای قودس ئەو ئەرکەیان پێسپێردرا. پارتیش لەگەڵ هێزێکی دیکەی ئێرانی بەرزاییەکانی خورماڵ و ناوشارچکەی خورماڵیان بۆ دانرابوو. بزوتنەوەش وەك هاوکاری لۆجستی لەگەڵ ئێرانیەکاندا دەبن. هێزەکانی بەدریش لەگەڵ سوپای پاسداران بە ئاڕاستەی سەربازگەی دەڵەمەڕ و ناو هەڵەبجە دەڕۆن. (حەمەسەعید، ٢٠١٦: ٥٩٠)

هەرچۆنێك بێت، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ی ئادار، بەشێکی زۆری خەڵك لە ژێزەمینەکەندا ماونەتەوە، تەنانەت لە پاش کاتژمێر یانزە و چل و پێنج خولەك کە بۆردومان دەستی پێکردووە، خەڵك پۆل پۆل بۆ ئەو ژێزەمینانە چوون کە لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق دروستیان کردبوو بۆ خۆپارێزی لە بۆردوومانی ئێران. تەنانەت لەکاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایشدا، زۆرینەی کەس نەیانزانیوە کە ئەوە کیمیاییە، لەمبارەیەوە لوقمان عەبدولقادر کە شایەتحاڵێکی ڕووداوەکەیە دەگێڕێتەوە، کە ماڵی خۆیان و چەندین خێزانی خزم و دراوسێیان لە ژێزەمێنێکدا بوون، لە پاش بڵاوبوونەوەی چەکە کیمیاییەکە، وێستوویانە هەڵبێن، بەڵام لە پڕ ئافرەتێکی دراوسێیان پێی وتوون ئەوە تەقینەوەی بوتڵە غازی ماڵان بووە، ئەو خۆی ئاگای لێ بووە. سەرباری هەموو ئەمانە، دکتۆر فایەق گوڵپی، کە خۆی پزیشکێك

بووە لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەدا باس لەوە دەکات کە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٨٨ ەوە، سەرکردایەتی یەکێتی بە بڕووسکە ئاگاداری پزیشکەکانی خۆی کردبوویەوە، زانیاری ئەوەیان پێگەیشتووە کە دەسەڵاتدارانی ڕژێم بەرنامەڕێژی دەکەن بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەرناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و ئەگەری زۆریش لە ئارادایە، کە چەکی کیمیایی لەو هێرشەدا بەکاربهێنن، هەربۆیە بەشی دووەمی بڕووسکەکە پێکهاتووە لە ژمارەیەك ڕێنمایی پزیشکی بۆ خۆپاراستن لەو چەکە لەکاتی بەکارهێنانیدا. دەبوو پزیشکەکان، خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگە لە وردەکارییەکانی ئەو ڕێنماییانە ئاگادار بکەنەوە و هوشیاری ئەوەیان بدەنێ، کە چۆن و بەچی شێوەیەك خۆیان لەو چەکانە بپارێزن (گوڵپی، ٢٠١١: ٦١). ئەوەش دەرخەری بێ پلانی و نائامادەیی هێزە کوردییەکانە، کە دەبوو پێشوەخت ئەو مەترسییە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنیش بخەنە ڕوو، کە لە ئەگەری دۆخێکی لەو جۆرەدا چۆن خۆیان بپارێزن، بەدڵنیاییەوە ئەوکات قەبارەی زیانەکان کەمتردەبوونەوە. لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ئازار، هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە ئەنجامدرا، کە تێیدا نزیکەی ٥٠٠٠ شەهید، ١٠،٠٠٠ بریندار و ئاوارەبوونی تەواوی دانیشتوان بۆ ئێرانی لێکەوتەوە. عێراق بەوکارەی، نەك تەنها هاوڵاتیانی مەدەنی، هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای ئێرانی بە ئامانج گرت، بەڵکو بەشێکی زۆری سەربازانی عێراقیش کە لە ناوچەکە گەمارۆدرابوون و خۆیان حەشاردابوو پێوەبوون. هەر لەبەرئەوەش بوو حکومەتی عێراق لە ٥ی نیسانی ١٩٨٨ داوای لە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، کە شاندێك بنێرێتە بەغدا هەتاوەکوو لە ڕەوشی قوربانییانی هێرشی چەکی کیمیایی ئێران بۆ سەر عێراق بکۆڵێتەوە. لە میانەی هەوڵێکی دیکەیدا بۆ لابردنی ئەو تاوانە لەسەر خۆی، عێراق سوپایەکی تایبەتی نارد بۆ هەڵەبجە، بۆ دوورخستنەوەی پاشماوەی بۆمبە کیمیاییە تەقێنراوەکان لەو ناچەیەدا. (سالح، ٢٠١٣، ٢٩١)

باسی دووەم: قەبارەی هێزی سەربازیی لایەنە بەشەڕهاتووەکان:

ئامانجی ئێران لەم ئۆپەراسیۆنە، جگە لە ئامانجە سیاسییەکان، سێ ئامانجی سەرەکی سەربازی بوون:

١. داگیرکردنی شارەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، دوجەیلە (سیروان)، بیارە و تەوێڵە.

٢. زەمینەسازی بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەنداوی دەربەندیخان.

٣. گەمارۆدانی پارێزگای سلێمانی.

قەبارەی هێزی سەربازی عێراق لە سنوورەکە:

سنووری هەڵەبجە سەر بە فەیلەقی یەکی سوپای عێراق بوو، لەلایەن فیرقەی ٤٣ەوە بەڕێوەدەبرا، ئەویش فەرماندەیی ئەم هێزانەی لەبەردەستدابوو:

* لیواکانی پیادەی ٩٦، ٦٠٦ ، ١٤،٣٩، ٤٠٢، ٦٠٢، ٥٠٦، ٤٢٢ ، ٤٢٠، ٧٢، ١٣ ، ٧٠٧ ، ٩٥ ، ٤٣٣.

*لیوای زرێپۆشی ٨٠، ١٧، ٥٠.

*لیواکانی ٢٤، ٢٧ ، ٤٦ی میکانیکی.

*لیواکانی ٦٥، ٦٦، ٦٨ی هێزی تایبەت.

* لیوای یەکەمی کۆماندۆی فەیلەقی چوارەم، لیوای دووەمی کۆماندۆی فەیلەقی سێیەم و لیوای کۆماندۆی دووەمی فەیلەقی یەکەم. (پایگاه اطلاع رسانی دفاع مقدس، ٢٠٢٥)

بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئێرانی، کە بریتییە لە دانپێدانانی فەرماندەی لیوای ٤٣ (عەلی حسین عوبید العگاوی)، کە بە بەندی لەلایەن ئێرانییەکانەوە دانپێدانانی لێوەرگیراوە، ئەو فەرماندیە بەم شێوازە سنووری لیواکەی دەخاتە ڕوو؛ لیوای ٤٤٣ ناوچەیەکی فراوانی لەبەردەستدابوو لە گوندی بانی بنۆك (بناری سورێن لە ناوچەی شارەزور) هەتا گوندی دەڵەمەڕ (لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجە و بناری شاخی شنرۆ بە دووری ٤ کیلۆمەتر لە هەڵەبجە). لە گوندی دەڵەمەڕەوە بۆ گوندی هاوار و (شاخی پەروێز کە سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لەیەك جیادەکاتەوە) فەوجی پێنجەمی بەرگری نیشتیمانی (جاش). بەرپرسیارێتی پاراستنی ڕێگای هەڵەبجە بۆ عەربەت بەمجۆرە بووە؛ لە پردی زەڵمەوە بۆ گوندی

بێستانسوور لە ئەستۆی لیوای ٤٤٣دا بووە، لە بێستانسوورەوە بۆ عەربەت لیوای ٢٧ی کەتیبەی ٢Tی لیوای ٤٤٣ی پیادە، لە گوندی جۆمەرەسییەوە هەتا باڵی ڕاستی گوندی بانی بنۆك، کەتیبەی ٢ی لیوای ٤٤٣ پیادە لەژێر فەرماندەیی فەوجی هەشتەمی بەرگری نیشتیمانی بووە، کە هەتا بەرزاییەکانی شاخی شرام لە ڕۆژئاوای ناحیەی بیارەی لەبەردەستدابوو. کەتیبەی ٢ی لیوای ٤٤٣ ناوچەی نێوان تەوێلە و بیارە هەتا بەرزاییەکانی هەوارەبەرزە لە بەردەستدابووە، لەشکری ٢٨ی پیادە لە تەوێلەوە بۆ نەوسود (ناحیەی نەوسود ئەگەرچی خاکی ئێرانە، بەڵام لە ١٩٨١ ەوە لەلایەن هێزە کوردییە نەیارەکانی ئێران بەتایبەت حیزبی دیموکرات هەتا ١٩٨٨/٣/١٤ لە بندەستی عێراقدا بووە) و لە شۆشمێ هەتا پەرویێ و هاوار و بەشی خوارەوەی گوندی سازان لەبەردەستدا بووە، کەتیبەی ٢٥ ی پاراستنی نەوت فەوجی پێنجی بەرگری نیشتیمانی لە هاوار و پەرۆێ هەتا لای ڕاستی گوندی سازان، لە گوندی سازانەوە هەتا ڕۆژئاوای کانی کەرۆێشکان لە زنجیرە چیای باڵامبۆ لە بندەستی کەتیبەی ١٩ی پاراستنی نەوت (کە لەدایکبووانی ١٩٤٥ گرتووەتەوە) و فەوجی حەوتی بەرگری نیشتمانیدا بووە. لە گوندی نوەرەوە هەتا باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی سیروان هێزی تێدا نەبووە. (دری،١٣٩١: ل ١٤٣-١٤٥)

بارەگای تەکتیکی فەیلەق ٤٣ و بارەگای فەوجی پێنجی بەرگری نیشتیمانی هەر لە هەڵەبجە بوون. بارەگای فەرماندەیی فەوجی هەشتی بەرگری نیشتیمانی لە شاخی بەنەن لە باکووری ڕۆژئاوای پەرۆێ بووە. بەرپرسیارێتی ڕێگای هەڵەبجە بۆ پردی زەڵم بە کەتیبەی ٧٠ی بەرگری نیشتیمانی فەوجی پێنجدا بووە. لە پردی زەڵمەوە بۆ سەیدسادق بە کەتیبەی ١٢٣ی بەرگری نیشتیمانی کە لە ژێر فەرماندەیی فەیلەق ٤٤٣ دا بووە سپێردراوە. هەر فەوجێکی بەرگری نیشتیمانی بە دانپێدانانی ئەو لە ٥٠٠ کەس پێکهاتووە، هێزی زرێپۆشی فەوجەکەش لە ٣٠٠ کەس پێکهاتووە .(دری، ١٣٩١: ل ١٤٣-١٤٥)

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی عێراق کاردانەوە و بەرگری خێرای نەبووە بۆ ئەو هێرشەی ئێران، ئەو فەرماندەیە دەڵێت؛ کە هەلومەرجەکە و نیەتی سوپای ئێران لای ئەوان ڕوون نەبووە، نەیانزانیوە ئامانجی ئەوان بە ڕووبی چییە، بەبڕوای ئەو وەڵامی عێراق و بەرگری ڕاستەقینە لە ناوچەی بانی بنۆك بۆ سەیدسادق بە ئاڕاستەی باشوور دەستپێدەکات. ئەو پێیوایە لە سەرەتاوە ئامانجی ئێران داگیرکردنی تەواوی هەڵەبجە نەبووە، بەڵام سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکان وایکردووە پێشڕەوی زیاتر بکەن. ئەو دەڵێت کە کۆتا پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەی فەیلەق یەك، لیوا کامیل ساجد، کاتێك بووە کە قسەیان لەسەر کردنەوەی ڕێگای نێوان هەڵەبجە و سەیدسادق کردووە، ڕاسپاردنی هەندێك لە یەکەکانی سوپای عێراق لە ئەگەری بەستنی ناوچەی کانی کەرۆێشکان لە سەر ڕووباری سیروان لەلایەن ئێرانەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە داوای کردووە هێزی تایبەتی بۆ بنێرن، هەروەها دەڵێت لە قۆناغی یەکەمی هێرشی هەڵەبجە بە لیوا کامیل ساجدی وتووە کە ئامانجی ئێرانییەکان داگیرکردنی هەڵەبجەیە، بەڵام ئەو نکۆڵیکردوە، لە دەستپێکی قۆناغی دووەم تێگەیشتووە کە ئامانجی ئێران داگیرکردنی هەڵەبجەیە. (دری، ١٣٩١: ل ١٤٣-١٤٥)

کەرتی هەڵەبجە بەرپرسارێتی فەیلەقی یەکەمی سوپای عێراق بووە، بەسەرکردایەتی لیوا ڕوکن کامیل ساجد، ئەم کەرتە لەلایەن سێ فیرقەوە دەپارێزرا، فیرقەی ٢٧ کە ئەرکی پاراستنی سەیدسادق و پێنجوێن بە ئاڕاستەی ڕێگەی ناحیەی عەربەتی لەئەستۆ بووە. فیرقەی ٣٦ بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن جاسم محەمەد فەرحان کە بەرگری لە زنجیرە چیاکانی شەمێران و بەری ڕاستی ڕووباری سیروان کردووە، بەڵام کەرتی هەڵەبجە لەلایەن فیرقەی ٤٣ بە سەرکردایەتی عەمید ڕوکن علی حسین عوید العلگاوی دەپارێزرا. یەکە سەربازییەکانی ئەم فیرقەیە بریتیبوون لە؛ لیوای ٧٠٦، کە ناوچەی بەرپرسیارێتی لە خورمال و ئەحمدئاوا دەستی پێ دەکرد بە ئاڕاستەی زنجیرە چیای سورێن هەتا ڕێگەی پێنجوێن، لەم ناوچەیە سێ فەوج هەبوون، فەوجێکیان لە ڕووباری زەڵم، کە ئەرکی پارێزگاری کەتیبەی تانك و زرێپۆشی هەبوو، کە بریتیبوو لە لیوای ٤٤٣ سەر بە فیرقەی ٤٣، ناوچەی بەرپرسیارێتی لە ئەحمەد ئاواوە دەستپێدەکرد هەتاکوو بیارە، ئەمە جوار فەوجی لەخۆگرتبوو، لە تەوێلە هەتاکوو سازان کە ١٧ کیلۆمەتر ماوەکەی بوو لەلایەن دوو فەوجەوە دەپارێزرا، لە گوندی سازان هەتاکوو ناوچەی

نەورۆلیش بە دوو فەوجی بەرگری نیشتیمانی الفرسان (جاش)ەوە سپێردرابوو. (شحمانی، ٢٠٢٣)

گرنگترین ئەو هێزە ئێرانییانەی کە بەشداربوون لە ئۆپراسیۆنەکە:

قەرارگای خاتەموالانبیاء، قەرارگای ناوەندیی بووە و فەرماندەیی سێ قەرارگای دیکەی لە ئەستۆبووە بۆ جێبەجێکردنی ئۆپراسیۆنەکە:

١. قەرارگای قودس: ئەرکی ئاراستەکردنی ئەم هێزانەی خوارەوەی لەئەستۆ بوو:

* فیرقەی حەوتەمی وەلی عەسر بە ٦ کەتیبە.
* فیرقەی ٣٣ی مەهدی، کە لە ٦ فەوج پێکهاتبوو.
* فیرقەی کەربەلای ٢٥ لە ١٠ کەتیبە پێکهاتبوو.
* فیرقەی ١٩ی فەجر لە ٦ فەوج پێکهاتبوو.
* فیرقەی ١٧ی عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە لە ٦ کەتیبە پێکهاتبوو.
* فیرقەی ٤١ی ثأرالله، لە ٧ فەوج پێکهاتبوو.
* لیوای ٣٩ی سەربەخۆی قودس، ٤ فەوجی لەخۆدەگرت.

٢. قەرارگای ئیمامی هەشتەم (ثامن الائمه)، کە بەرپرسیاربوو لە سەرکردایەتیکردنی ئەم هێزانەی خوارەوە:

* فیرقەی ٩ی بەدر، کە لە ٨ فەوج پێکهاتووە.
* فیرقەی تایبەتی شەهیدان ٥٥، کە پێکهاتووە لە ٦ کەتیبە.
* لیوای سەربەخۆی ٣٦، انصار المهدی، بە ٤ فەوج.
* لیوای سەربەخۆی ٧٥ی زەفەر، دوو فەوجی لەخۆدەگرت.
* لیوای سەربەخۆی ٢٩، ئەلنەبی ئەکرەم ٦ فەوجی لەخۆدەگرت.
* لەشکری چوارەمی باختەران، ٦ کەتیبەی لەخۆدەگرت.

٣. قەرارگای فەتح، بەرپرسیار بوو لەم هێزانە:

* فیرقەی ٨، نەجەف ئەشرەف، ٥ کەتیبە.
* ئیمام حسێن فیرقەی ١٤، بە پێنج کەتیبە.
* ئەمیر ئەلمۆمینین ، فیرقەی ١١ بە چوار کەتیبە.
* لیوای ٨٢ی سەربەخۆی فەرماندەی گشتی، ٣ فەوجی لەخۆدەگرت.
*لیوای سەربەخۆی ٩١ی بقیه الله، ٣ فەوجی لەخۆدەگرت.
*لیوای سەربەخۆی ٤٤ی قەمەر بەنی هاشم، لە ٣ فەوجی پێکهاتبوو.
* لیوای سەربەخۆی ١٠٠ی ئەنسارولڕەسوڵ، لە ٣ فەوج پێکهاتبوو.

قەرارگای قودس هێرشی کردە سەر لیوای ٧٦٠ لە ڕۆژئاوای خورماڵ و ڕووباری زەڵم و دەستی بەسەر ئەو ناوچە بەرفراوانەدا گرت، هەموو ئامێر و کەرەستە جەنگییەکانی ئەو ناوچەی کەوتە دەست، قەرارگای ئەئیمە، لە دوو بەرەوە بە ئاڕاستەی هەڵەبجە ڕۆیشتوون، لە ڕێگەی پردی سازان بۆ هەڵەبجە، هەندێکیان بە بەلەم بە ڕووباری سیروواندا چوونەتە ناوچەی نەورۆڵی کە پشتی تۆپخانەی فیرقەی ٤٣یان گرتووە و توانیویانە دەستی بەسەردا بگرن و سەرجەم بەرپرس و سەربازەکان بە دیل بگرن. ئێرانییەکان، فەوجی مەغاویری شاخی شنرۆیشیان دەستگیرکرد، لەگەڵ سی ئامر لیوای ٤٤٣، بەوشێوە پشێوی لە ناوچەکە دروستبوو، لیوای ٦٨ کە لە دوو فەوج پێکهاتبوو، فەوجی یەکەم بەسەربەرشتی موقەدەم نەزیر، فەوجی دووەم بە سەربەرشتی ڕائید تەها محەمەد ئەحمەد ناوچەکانی هێڵی شنرۆ بەرەو تەوێڵەی لەبەردەستدابوو. خاڵی لاوازی بەرەی جەنگی هەڵەبجە؛ ڕێگای ناوچەی هاوار بوو، هەربۆیە لەلایەن لیوای ٦٨ی لیوای مغاویرەوە هاریکاری

کرا، ئەو هێزە لەڕێگەی هەلیکۆپتەرەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گوندی عەنەب بەرەو ڕێگای گوندی تاوێرە دابەزین. (شمحانی، ٢٠٢٣)

ئەرکی قەرارگای قودس لە میحوەری باکوور، داخستنی گەروەکە (مەبەست لێی سنووری دە کیلۆمەتری چیای سورێن بۆ ڕووباری سیروانە) و گرتنی پردی گردی گۆ (بەربەستی سەرەکی عێراق لە تەواوی ناوچەکە) بوو. قەرارگای فەتح لە میحوەری باشوور دەبێت ئامادەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری هەر جوڵەیەکی عێراق بە دروستکردنی پردێک، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی زنجیرە چیای باڵامبۆ هەتا شاخی تەموورژەنان و پاراستنی دەریاچەکە لە تێپەڕێنی هێزەکانی عێراق پیایدا. هەروەها ئەرکی قەرارگای ئیمامی هەشتەم، بە پێشڕەوی لە میحوەری ناوەندی لە دەڤەری شاخی گۆزێڵ و دەشتی سازان بەرەو هەڵەبجە، لە قۆناغی دووەمدا دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی ڕێگای بیارە- تەوێڵە- نەوسودی پێسپێردرا. هەروەها قەرارگای ڕەمەزان، جگە لە کاری سیخوڕی، لەناوبردنی تۆپخانەکانی عێراق لەکاتی گرتنەوەی شارەکە بە بەشداریی لیوای ٧٥ی زەفەر، کاری هەماهەنگیکردنی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی پێ سپێردرا. (پایگاە اطلاع رسانی دفاع مقدس، ٢٠٢٥)

قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە، لە کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانی ١٣ی ئاداری ١٩٨٨ بە هێمای یا محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا دەستپێکرد. (زارع زادە، ١٣٤٦: ٢٩١) خێرایی پەلاماری یەکەکان بە جۆرێک بوو کە زۆربەیان توانیان لە قۆناغی یەکەمدا هەموو ئامانجەکانیان بگرن. جگە لە ناوچەی سورمێر و شاخی شەمێران، هێزەکانی دیکەی عێراق بەرگری بەرچاویان نەکرد. هێزەکانی ئێران سەرکەوتوو بوون لە گرتنی نزیکەی ٢٠ گوند کە کەوتبوونە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماڵ. ڕۆژی دواتر توانیان بەرگری هێزەکانی عێراق بشکێنن و بچنە ناو شارۆچکەی خورماڵ و بەتەواوی داگیری بکەن.

لە میحوەری قەرارگای قودس، دوای گرتنی ملەخورد و بەرزاییەکانی چنارە، خۆرنەوازان و هانەی قوڵ، هەرچەندە چیای باڵامبۆ و کەناراوەکانی ڕووبار و دەریاچەی سیروان لە بەری هەڵەبجە گیران، بەهۆی وەستانی قەرارگای قودس و بەرگری هێزە عێراقیەکان لە لای چەپی ئۆپەراسیۆنەکە، پێشڕەوی هێزەکانی ئێران لەو قۆڵەوە وەستا. لە میحوەری بارەگای ثامن الائمە، هێزە ئۆپەراسیۆنەکان جگە لە بەرزاییەکانی باڵامبۆ، نیوەی بەرزاییەکانی شنرۆیان گرت، بەردەوام بوون لە پێشڕەوی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بە هێزەکانی ئێران لە بەرەی دەشتی سازان و پاشان نیوەکەی تری بەرزاییەکانی شنرۆ. لەم قۆناغەدا قەرارگای ڕەمەزان تەنها توانی ئاگر لە بەنزینخانەی شاری هەڵەبجە بەربدات. پێشڕەوییە خێراکان و کەمی زیانە گیانییەکان، وەری هێزەکانی ئێرانی بەرزترکردەوە، هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی عێراق و نا ئامادەیی جددییان لە ناوچەکەدا بووە هۆی خێراکردنی دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکە. لای خۆشییەوە عێراق کاروانێک هێزی لە ڕێگەی پردی زەڵم و گوندی مەلا وەیسەوە نارد سیروان و پاشان هەڵەبجە. (پایگاە اطلاع رسانی دفاع مقدس، ٢٠٢٥)

قۆناغی دووەمی ئۆپراسیۆنەکە لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ١٥ی ئادار دەستپێکرد، لە بەرەی ناوەڕاست لە میحوەری سازان و چیای شنرۆ و ناوچەی چەمی گوندی هاوار و تاوێرە، هێزە ئێرانییەکان پێشڕەویان کرد و هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان وەدەرنران. لە میحوەری باکووروەوە، پردی زەڵم گیرا و هەموو هێزە عێراقیەکان گەمارۆدران، سەربازگەی زەمەقی گیرا و هێزە ئێرانییەکان گەیشتنە دەروازەی دوجەیلە. لە قۆناغی سێیەمدا لە ڕۆژی ١٦ی ئازار، هەردوو قەرارگای قودس و فەتح لە دوجەیلە گەیشتن بەیەک. قۆناغی چوارەم و کۆتایی لە ١٨ ی مانگدا سنووری قەزای هەڵەبجە بەتەواوی کەوتە بندەستی هێزەکانی ئێران. (زارع زادە، ١٣٤٦: ٢٩١)

لە ئەنجامی ئەم ئۆپەراسیۆنە ناوچەیەک بە پانتایی ١٢٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە کە پێکهاتبوو لە شاری هەڵەبجە، شارۆچکەکانی خورماڵ، بیارە، تەوێڵە و دوجەیلە لە عێراق و شارۆچکەی نەوسود لە ئێران کە بۆماوەی حەوت ساڵ بوو بەدەست هێزە کوردییەکانی نەیاری ئێرانەوە بوو کەوتە بندەستی ئێران. ئێرانییەکان ئاماری دەستگیرکراوانی عێراق بە ٥٤٤٠ سەرباز و قوربانیان لە کوژراو و بریندار بە ١٨ هەزار لە قەڵەم دەدەن. لەگەڵ خستنە خوارەوە و لەکارخستنی ١٠ فڕۆکە، یەک هەلیکۆپتەر، ٢٧٠ تانک و ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی سەربازی، ٦٠ تۆپی دوورهاوێژ، ٢٠ تۆپی دژە ئاسمانی، ٤٠ هاوەن، ١٣ دەزگای ئەندازیاری جەنگی، ٢٣٠ ئۆتۆمبێل، ٧٥٠ چەکی سوک و ئار پی جی. لەگەڵ

دەستکەوتی ٩٠ تانك و ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی سەربازی، ١٠٠ تۆپی دوورهاوێژ، ٢٠ تۆپی دژە ئاسمانی، ٢٠ هاوەن، ١٥ دەزگای ئەندازیاری جەنگی، ٨٠٠ ئۆتۆمبێل، ٦ پارچە چەکی سوك و ئاربی جی. (زارع زادە، ١٣٤٦: ٢٩١)

بەپێی سەرچاوەیەکی تری ئێرانی لە رێژەی ٥٤٤٠ بەندی، ٦٠٠یان ئەفسەربوون، ئەوە جگە لەوەی کە ئاماری دەسکەوتە جەنگییەکان بەم جۆرە دەخاتە ڕوو؛ ٩٠ تانك و نەفەربەر، ١٠٠ تۆپ، ٨٠٠ ئۆتۆمبێل، ٦ هەزار چەکی سوك. زیانەکانی ئێرانیش بە ٦٣٩ کوژراو، ٢٠٦٣ بریندار، ٣١٨ بێسەروشوێن، ٥٦٦ بەرکەوتەی کیمیایی دادەنێت. بەڵام سەرچاوە عێراقییەکان ژمارەی کوژراوانی ئێران بە ٣ هەزار و ژمارەی کوژراوانی هاوڵاتی سڤیلی هەڵەبجە و ناوچەکە بەهۆی چەکی کیمیاییەوە بە ٤٠٠٠ دادەنێن. (حەسەن و محەمەدئەمین، ٢٠٢٠: ٦٠٨)

سەبارەت بە هێزە کوردییەکان، لەم جەنگەدا ڕۆڵی میحوەریی دەگێڕن، بەوتەی بەرپرسانی پێشمەرگە، هێزەکانیان تەواوی پلانی جەنگەکەیان جێبەجێکردووە، لەگەڵ هەر فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ، سێ پلەداری ئێرانی یاوەریان کردووە، لەگەڵ هێزەکانی هەر لایەنێکی باشووری کوردستان لە بەرەکانی جەنگ، ٢٠٠-٣٠٠ پاسداری ئێرانیان لەگەڵ بووە. تەنانەت لایەنە کوردییەکان بەرەکانی جەنگ لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن، بەری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە و تۆپخانەی دەڵەمەڕ و ناوشار لەئەستۆی یەکێتی بووە. میحوەری ئەحمەدئاوا و خورماڵ و بەرزاییەکانی ملەخورد بۆ پارتی. حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بەرپرس دەبێت لە گرتنی جادەی هەڵەبجە- سەیدسادق (پردی زەڵم) و ڕێگریکردن لە هاتنی هێزی پشتیوانی عێراق بۆ هەڵەبجە و خورماڵ. هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیش بەرپرس دەبن لە هاوکاری لۆجستی، بەڵام دواتر بەهۆی ترس لە پەرچەکرداری عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشداریەکەی ڕادەگرێت. (حەسەن و محەمەدئەمین، ٢٠٢٠: ل ٦٠٨)

پێشنێوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ئازار، بە چەند کاتژمێرێك بەر لە بۆردوومان و هێرشی کیمیایی عێراق بۆ سەر هەڵەبجە، لە پاش سەرکەوتنی قۆناغی دووەمی هێرشی والفجر ١٠، کۆبوونەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغی دووەمی ئۆپراسیۆنەکە و ئامادەکاریی بۆ قۆناغی سێیەم سازدەکرێت. کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ١٠:٤٠ خولەك بە ئامادەیی موحسینی ڕەزایی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، عەلی شەمخانی فەرماندەی فەرماندەیی گشتی سوپا و فەرماندەیی هێزی زەمینی سوپا، ڕەحیم سەفەوی جێگری فەرماندەی هێزی زەمینی سوپا و فەرماندەکانی تری هێزی زەمینی سوپا، لەگەڵ فەرماندەکانی قەرارگاکانی فەتح، قودس، سامن ئەلئەئیمە و ڕەمەزان و سەرتیپ عەلی صیاد شیرازی نوێنەری خومەینی لە ئەنجومەنی باڵای بەرگری، لە ناوچەی ملەخورد هەڵکەوتوو لەسەر شاخی هەورامان کە بە هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا دەڕوانێت. پاش هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئۆپەراسیۆنەکە هەریەك لە فەرماندەی گشتی و فەرماندەکانی دیکە یەك یەك ڕاپۆرتی خۆیان دەخەنە ڕوو. پاشان پلان دانراوە بۆئەوی لە قۆناغی سێیەم چۆن کەلێنەکان پڕبکرێنەوە. لەو دانیشتنەدا، موحسینی ڕەزایی ئاماژە بەوە دەکات کە تەواوی گۆشەکانی ئەم ئۆپراسیۆنە پڕە لە وانە و حیکمەت و دانایی بۆ ئەوان، لە لایەکەوە هەموو پلانەکان بە سەرکەوتوویی لەکاتی خۆیدا جێبەجێکراون، بەگوتەی ڕەزایی ئەو یەکگرتوویی و یەکگرتوویە لە نێوان هێزە جیاوازەکانی ئەرتەش و سوپا لەو سێ چوار ساڵەی کۆتایی جەنگدا بێ پێشینە بووە. ئەو بە ئاماژەکردن بە شەڕێکی سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ، باس لە دەستی تۆڵەی خودا دەکات کە چۆن (بەعسییە عەفلەقییەکان)ی سزاداوە، لەکاتێکدا زیاد لە ٥٠ تانکی عێراق لە گوندی مەلاوەیسەوە بە ئاراستەی ناوچەی خورماڵ ڕۆیشتوون، بەهۆی ئەوەی کە ڕێگای ملەخورد بۆ شارەزوور سەخت بووە، تانکی T٥٥ی ئێران نەیانتوانیوە دابەزن لە شاخەکە، هەربۆیە بە تۆپبارانکردنی ئەو هێزە عێراقییانە و لەهەمانکاتدا گرتنی ڕێگای پردی زەڵم، توانیویانە پاشەکشەیان پێ بکەن.(سرمدی، ١٣٩٤: ٨٠)

ئەوە لەکاتێکدایە هیچ کام لە فەرماندەکان ئاماژە بەو ڕۆڵە میحوەرییەی هێزەکانی پێشمەرگەی لایەنە کوردییەکان ناکەن و بە دەستی خودا و پەرجوی ئاسمانی دەیچوونێن، تەنانەت هەمان ئەو میحوەرەی کە دانیشتنەکەی لێکراوە، هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی و سۆشیالیست لە

هەردوو بەری خورماڵ و چیای سورێن بە ئاڕاستەی پردی زەڵم لە پێشڕەویدا بوون. ئەوە جگە لە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی کە لە هەردوو بەری شاخی شنرۆ و باڵامبۆ پێشڕەوی هێزە ئێرانییەکان بووە.

پێش دەستپێکی ئۆپراسیۆنەکە لەلایەن ئێرانەوە، یەکەی ئەندازیاری سەر بە سوپای پاسداران ڕووپێوێکی بەرزاییەکانی ناوچەکەی کردبوو، بۆئەوەی کارئاسانی بۆ پێشڕەوی هێزەکان بکات، بەوەش سەرکەوتنی خێرا بەدیهات، سوپای ئێران لە سەرەتادا دەستیگرت بەسەر بەرزاییەکاندا، دەستی بەسەر شاروچکەکانی تەوێلە، بیارە، و خورماڵدا و پاشان دوجەیلە و هەڵەبجە گرت، وەك ئامادەکارییەك بۆ گەیشتن بە بەنداوی دەربەندیخان. ئێران پێشبینی کردبوو بەم ئۆپراسیۆنە دەستبگرێت بەسەر ئەو ناوچە بەرفراوانەدا بەجۆرێك کە عێراق ناچاربێت هێزە یەدەگەکانی لە باشوورەوە بۆ باکوور بگوازێتەوە، لەلایەکی دیکەوە زیانی گەورە بگەیەنێت بەم هێزانە لەم ناوچانەدا وەك پێشتر لە شەلەمچە و فاو ڕوویدابوو. بەڵام سەرکردایەتی سوپای عێراق پەنای نەبردە بەر گواستنەوەی هێزەکانی لە باشوورەوە بۆ باکوور بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی هەڵەبجە، بەڵکو لەپێناو ڕێگریکردن لە پێشڕەوی سوپای پاسداران و سزادانی خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە پەنای بردە بەر کیمیاییبارانکردنی ناوچەکە لەڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە ، کە هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی تێیدابوو. (اطلس الحرب، ٢٠١٣: ٩٥) هەرچۆنێك بێت، پاش بۆردوومانی چڕی ناوشار کە لە کاتژمێر ١١:٤٥ ی سەرلەبەیانییەوە دەستیپێکرد و بۆردومانی کیمیاییش لە نزیك کاتەکانی عەسر دەستیپێکرد و نزیکەی پێنج کاتژمێری خایاند. فڕۆکە عێراقییەکان لە جۆری میگ و میراج، تێکەڵەیەك لە گازە کیمیاییەکانیان بەسەر ناوچەکە بەردایەوە، کە گرنگترینیان گازی خەردەل، دەمارە گازی وەک سارین و ڤی ئێکس بوون. (Adams, ٢٠١٨)

پاش کیمیاییبارانی هەڵەبجە، سوپای ئێران دەستی بەسەر هەموو سنووری قەزای هەڵەبجەدا گرت و ناوچەی پردی زەڵم و گردی گۆ بەدرێژایی دەریاچەی سیروان و ڕووباری سیروان بووە خاڵی جیاکەرەوەی هەردوولا، بەڵام ئێران بەوەوە نەوەستا، بەڵکو لە پێشڕەویدا بوو بەرەو ناوچەی شاخی شەمێران بە ئاڕاستەی بەنداوی دەربەندیخان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١). ئێران ئەو ئۆپەراسیۆنەی بە دروشمی (یا ابا عبدالله) لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٥ دەستپێکرد و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩ کۆتایی پێهێنا. ئامانجی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەگوتەی ئێرانییەکان خۆیان، دەستبەسەرداگرتنی شاخی شەمێران و پاراستنی بەری ڕاستی ناوچەی ئۆپەراسیۆنی والفجر ١٠ بووە، ڕووبەری ئۆپەراسیۆنەکە ٤٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە وەك پڕۆسەیەکی تەواوکاریی والفجر ١٠ وابوو، هێزەکانی ئێران لە سەرەتاوە توانیان دەست بەسەر بەرزاییەکانی شاخی شەمێران و سورمەردا بگرن، کە دەیڕوانی بەسەر بەنداوی دەربەندیخاندا، لە بەرانبەردا عێراق دژەهێرشێکی بەهێزی دەستپێکرد، بەر لە دەسپێکردنەکەش کەتیبەی تۆپخانەی کیمیایی، بۆردوومانێکی چڕی سەنگەر و سەنگەری ئێرانییەکانی کرد، پاشان هێرشی هێزە عێراقییەکان بۆ وەرگرتنەوەی ناوچەکە لە ئێران دەستیپێکرد، ئەم شەڕە زیانێکی زۆر بە هەردوولا گەیاند، بەگوتەی هێزە ئێرانییەکان عێراق زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە کە خۆی دەبینێتەوە لە ٥٠٠٠ کوژرا و بریندار لەگەڵ ٤٩٨ یەخسیر. (اطلس الحرب، ٢٠١٣: ٩٦)

لێرە بەدواوە ناوچەی هەڵەبجە وەك بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئێران دەمێنێتەوە، هەتا ئەو کاتەی کە سوپای ئێران لە مانگی ئابی ١٩٨٨، پاش ڕاوەستانی فەرمی جەنگ دەکشێتەوە و سوپای عێراقیش دەگەڕێتەوە بۆ سنوورەکە، لەوە بەدوا ناوچەکە وەك ناوچەیەکەی قەدەغەکراو(محرمة) دەمێنێتەوە هەتا پاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و گەڕانەوەی خەڵکی بۆ هەڵەبجە و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)

باسی سێیەم: لێکەوتەکانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە:

نزار خەزرەجی باس لەوە دەکات، ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن کە عێراق هێرشی کیمیایی ئەنجامداوە، لەوکاتەدا ئەو و وەزیری بەرگری لە ناوچەی دەربەندیخان بوون، ئەفسەری هەواڵگری پێی ڕاگەیاندوون کە تەشویش و ژاوەژاوێك هەیە لە تۆڕەکانی پەیوەندی لای ئێرانی دوژمن و چەکدارانی کورد، باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی یان شتێك بەو مانایە دەکەن، وتم دڵنیابەرەوە کە ئەو ژاوەژاوە چییە، پاش کەمێك ئەفسەرە پەیوەندیدار و بەتواناکان دیراسەیان کرد کە شتێکی وا هەیە، پاشان هەواڵمدا بە وەزیری بەرگری کە لەگەڵمدابوو، ئەویش

ڕاستەوخۆ پەیوەندی کرد بە بەغداوە و قسەی لەگەڵ کردن، بارەگای گشتیش لە بەغدا ڕایگەیاند کە پەیوەندیان پێوە کراوە شتێکی لەو شێوەیە لە ناوچەی هەڵەبجە ڕوویداوە. ئەم زانیارییانە جارێك ئەوەبوو، کە ئایا ئەو لێدانە چییە و کێ کردوویەتی؟ خەزرەجی لە سێ خاڵدا بۆچونی خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی بەرپرسیاربوونی عێراق لە کیمیاییبارنکردنی هەڵەبجە دەخاتەڕوو:

١. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ پرسیاری لە بەرپرسانی هێزی ئاسمانی عێراق کردووە، ئایا لە ڕۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨، هیچ فڕۆکەیەك، یان کۆمەڵە فڕۆکەیەك هەستاون بە کیمیاییبارانکردنی ناوچەی هەڵەبجە؟ هەموویان کە لەژێر فەرمانی ڕاستەخۆیدا بوون و دەبوو پەیوەستبن بە پێدانی زانیاری دروست، دڵنیایان کردووەتەوە کە هیچ شتێکی وەها لە ئارادا نییە.

٢. دوو ڕۆژ پێشتر لە نێوان ١٣-١٤ی ئازار هەڵەبجە کەوتبووە دەست ئێرانەوە، (لە ڕاستیدا ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی ئادار سوپای ئێران و هێزی پێشمەرگە چونەتە ناو هەڵەبجە- توێژەر) زۆرینەی خەڵکەکەشی بەجێیان هێشتبوو، بارەگای فیرقەی ٤٣ پاشەکەشەی کردووە، ئێرانییەکان ئاگاداربوون بەربەستێکی بەرگریان لە دۆڵی زەڵم بە دووری ٣٠-٤٠ کیلۆمەتر دروستکرد و پردی زەڵمیان کۆنترۆڵ کرد، زۆرینەی هێزە ئێرانییەکان لەو هێڵەدا بوون، ئیدی بۆچی دەبێت سوپای عێراق شاری هەڵەبجە بۆردوومان بکات، لەکاتێکدا هێزە ئێرانییەکان لە شوێنێکی دیکەن؟

٣. دوایی کۆتایی هاتنی جەنگ لێژنەی نێودەڵەتی هاتوون، سەردانی جێگەکەیان کردووە، پاش وەرگرتنی زانیاری و پشکنینی ناوچەکە، بۆیان دەرکەوتووە کە گازی کیمیایی لە جۆری سیانیدی هایدرۆجین بەکارهاتووە. ئەو پێکهاتە کیمیاییە لە عێراق بەرهەم نەهاتووە و لە ئێران بەرهەم هاتووە. لە ماوەی ١٩٨٨-١٩٩١ تەنها لایەنە کوردیەکان و ئێران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە کیمیاییباران کراوە، بەڵام پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ و داگیرکردنی کوەیت و تێکچونی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و عێراق، ئەمریکاش هەمان بانگەشەی دەستپێکرد. (الخزرجي، ٢٠٢٣)

ئەو دەڵێت کە، ئەگەر لێدانێکی وەها هەبێت ئەوە عێراق نەبووە و ئێران بووە، دەستەی پیشەسازی سەربازی (هيئة تصنيع العسكري) سەرپەرشتی چەکی تایبەت (العتاد الخاص) کە مەبەست لێی چەکی کیمیاییە دەکرد، کە لەلایەن -حسێن کامیل -ەوە بەڕێوەدەبرا، دواتر پشکنەرەکان کە سەردانیان کردووە، ڕایانگەیاندووە لەناو ئەو گازە کیمیاییانەی کە عێراق بەرهەمیان دەهێنێت، گازی بەکارهاتوو لە جەنگی هەڵەبجە، لە عێراق بەرهەم نەهاتووە. (الخزرجي، ٢٠٢٣)

ئەو بیانووانەی خەزرەجی بۆ پاککردنەوەی پەرێزی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق کردوویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ بووە، لەوکاتەشدا لە وڵاتی ئیمارات و لە نێو هۆزەکەی لەوێ پشتیوانی کراوە، بەڵام لە ٢٠٠١، پێش ڕووخانی ڕژێم، کاتێك لە ئەورووپا تەنگی پێهەڵدەچنرێت و چالاکانی کورد داوای دادگایی کردنی دەکەن، لەوکاتەدا لە دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (غسان شربل) کە لە ڕۆژنامەی (الحياة)ی چاپی لەندەن بڵاوبووەتەوە و دواتریش کراوە بە کتێب، دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە دەڵێت: "کاتژمێر چواری سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٦ی ئازار کاتێك هەواڵی بۆردومانی هەڵەبجەیان پێداوە، ئەو لەبارەگای هەیئەی ئەرکان لە بەغدا لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئێوارەی کردووە بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچە عێراقییانەی لە باشور و ناوەڕاستی عێراق کە لەلایەن ئێرانەوە داگیرکراون، لەوێوە پەیوەندی تەلەفۆنی بە وەزیری بەرگرییەوە کردووە، ئەویش پاش کەمتر لە دوو کاتژمێر و زیاتر لە کاتژمێر و نیوێك پێی ڕاگەیاندووە کە بەڵێ هێرشی کیمیایی بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەدام حسین و بە پێشنیازی بەرپەرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (عەلی حەسەن مەجید) بۆ سەر هەڵەبجە ئەنجامدراوە، کە ئەویش زانیاری لەڕێگەی سەرچاوە سەربازی و مەدەنی و هەواڵگرییەکانەوە سەبارەت بە گیرانی هەڵەبجە پێگەیشتووە. لێرەدا خەزرەجی ڕایدەگەینێت، ڕاستە ئەو لێپرسراوی هەیئەی ئەرکان بووە، بەڵام لە دەستپێکی جەنگی عێراق و ئێران ئەو دامەزراوە سەربازییە تەنها دەسەڵاتی بەسەر هێزی پیادەدا هەبووە، هێزی ئاسمانی، دەریایی، هەواڵگری سەربازی، هەواڵگری گشتی، دەستەی پیشەسازی سەربازی، گاردی کۆماری و گاردی تایبەتی کۆماری، ڕاستەوخۆ سەر بە سەرکردایەتی گشتی بوون کە بەرپرسەکەی

سەددام حسین بووە. لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت: "ڕاستە ئەو هەندێك جار زانیاریی پێگەیشتووە دەربارەی چالاکی ئەو هێزانە، بەڵام دەسەڵاتی بەسەردا نەبووە و تەنها لەڕێگەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە داواکارییەکانی جێبەجێکراوە". (الشريل، ٢٠١٠: ٣٤٠) پاساوێکی دیکەی خەزرەجی ئەوەیە کە پاش کۆتایی هاتنی جەنگ فەرمانی بە هێزی ئاسمانی کردووە کە زانیاری سەبارەت بە ڕۆژی ١٦ی ئازار بدەنێ ، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو ڕۆژە هیچ فڕۆکەیەك، یان کۆمەڵە فڕۆکەیەکی عێراقی لە بنکەکانیانەوە بە ئاڕاستەی هەڵەبجە فڕیون و بۆردومانی ئەو شارەیان کردووە، ئەوانیش بەتەواوەتی ڕەتیانکردووەتەوە کە لەو ڕۆژەدا فڕینیان بۆ سەر هەڵەبجە هەبووبێت. بە وتەی خەزرەجی، ئەگەر زانیاری وەها هەبووایە، هێزی ئاسمانی نەیدەتوانی لە ئەوی بیشارێتەوە، چونکە ڕاستەخۆ لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون و ئەو فەرمانی پێکردوون. (الخزرجي، ٢٠٢٣) ئەوە لەکاتێکدا، پێشتر دەڵێت کە ئەو دەسەڵاتی بەسەر هێزی ئاسمانیدا نەبووە و فەرمانیان لە سەرۆك وەرگرتووە بۆ فڕینەکانیان. سەبارەت بەو هێزە تۆپخانەیەش کە مووشەکی کیمیایی لەڕێگەی تۆپەوە هاویشتووە، ئەوەش یەکەیەکی سەر بەگاردی تایبەتی کۆماریی بووە و بە بڕیاری تایبەتی سەرۆك هاتوونەتە شوێنێکی تایبەت و دوای تەواوکردنی ئامانجەکەیان گەڕاونەتەوە، واتە ئەویش لە دەسەڵاتی ئەمدا نەبووە. (الشريل، ٢٠١٠: ٢٤٢)

هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن؛ سەرکردە سەربازییەکانی عێراق و خودی سەدام حسەین بەتایبەتی لەوکاتەدا ویستوویانە تاوانی هەڵەبجە لە خۆیان دووربخەنەوە و خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە، یان هەر نکۆڵیان لەوە کردووە ڕووداوەکە ڕوویدابێت، خۆ ئەگەر ڕووشیدابێت ئەوە ئێران تاوانبارە، یان یەکتر تۆمەتبار دەکەن. بۆ نموونە، خەزرەجی پێیوایە سێ کەس بەرپرسی یەکەمی کیمیاییبارانی هەڵەبجەن، ئەوانیش بریتین لە؛ سەدام حسەین، کە فەرمانی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردووە، عەلی حەسەن مەجید، کە زانیاری هەڵەی گواستووەتەوە و پێشنیازی بەکارهێنانی چەکی تایبەت(کیمیایی)ی کردووە و حسەین کامیل بەوپێیەی کە چەکەکەی دروستکردووە. (الشريل، ٢٠١٠: ٣٤٤). عەلی حەسەن مەجید لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا کاتێك لە لایەن دادوەرەوە بۆچوونی وەردەگیرێت دەربارەی ئەو وتانەی خەزرەجی، ناوبراو لەوەڵامدا وتوویەتی ئەویش ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەی دیوە و ئەزانێت کە خەزرەجی ئەوی تاوانبار کردووە، بەڵام بە تۆندی ئەووتۆمەتەی ڕەتکردەوە و هۆکاری ئەو قسەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە پەیوەندی هەبووە لە نێوان کورد و خەزرەجی و کورد ئەوی دەرکردووە بۆ دەرەوەی عێراق، هەربۆیە هەوڵیداوە پەرێزی خۆی پاك بکاتەوە و ئەوانی دیکە تاوانبار بکات، لەکاتێکدا ئەویش بیستوویەتی کە خەزرەجی خۆی ئەو فەرمانەی داوە (عارف، ٢٠١٣: ٢٥٩). جگە لەو وتەیە، عەلی حەسەن مەجید لە زیندان بە عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی وتووە کە نزار خەزرەجی تاوانبارە بە بۆردوومانی کیمیایی هەڵەبجە، ئەو و سەدام حسەین لێی بێبەرین. (بابير، ٢٠٢٢: ١) لەلایەکی دیکەوە، لە پاش دەستگیرکردنی کاربەدەستانی پێشووی عێراق، لە پرۆسەی دادگایی کردنیاندا، دکتۆر بەرهەم صالح جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ٢٠٠٤ سەردانی عەلی حەسەن مەجیدی کردووە، لە میانەی گفتوگۆی دووقۆڵیدا عەلی حەسەن مەجید پێی ڕاگەیاندووە کە نزار خەزرەجی بەرپرسە لە کیمیاییبارانی هەڵەبجە نەك ئەو. (ڕۆژنامەی ئاسۆ، ٢٠٠٤: ١)

دواجار هێرشی سەر هەڵەبجە نەبووە مایەی دەسکەوت بۆ لایەنە کوردییەکان و ئێرانش، هێرشەکە بووە تراژیدیایەکی پێشبینی نەکراو، هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران کە چاوەڕێی سودی لێدەکرا بە زیان شکایەوە، لە سەربەندی ئۆپراسیۆنی هەڵەبجەدا کە جەنگی شارەکان لە ئارادابوو، کاربەدستێکی پلەبەرزی عێراق بە پەیامنێری واشنتۆن پۆستی وتبوو کە عێراق مەبەستی بووە کە هێزەکانی ئێران لە خاکیدا پێشڕەوی بکەن بۆ ئەوەی "دان بۆ دوژمن ڕۆ بکات و بیخاتە داوێکەوە دەرچوون لێی ئاسان نەبێت" (ميدل ئيست ووچ، ٢٠٠٤: ١٥٩). هەروەها هەمان کاربەدەست وتبووی، کە بۆ یەکەمجارە عێراق لە مێژووی جەنگەکەدا بیەوێت ئێرانییەکان هێرش بکەن. (ميدل ئيست ووچ، ٢٠٠٤: ١٦٠). بەوەدا کە عێراق پێشتر ئاگاداری هێرشەکە بووە، هیچ ئامادەکارییەکی ئەوتۆی بۆ پێشگیریی ئەنجام نەداوە، دیارە کە مەبەستی بووە ئەو هێرشە ئەنجام بدرێت و بۆ هەمیشە کۆتایی بە هەڵەبجە بهێنێت و زیانێکی گەورەش بە ئێرانییەکان بگەیەنێت.

باسی چوارەم: بەڵگەکانی بەرپرسیاربوونی عێراق لە ئەنجامدانی تاوانی هەڵەبجە:

لە ١٦ ئادار، پاش چەند کاتژمێر لە پەلاماری کیمیاییەکە، کەمال خەرازی سەرۆکی دەزگای پڕوپاگەندەی جەنگیی ئێران، عێراق بە ئەنجامدانی هێرشەکە تۆمەتبارکرد، لەلایەن خۆیەوە، عێراق بەرپەرچی دایەوە و ڕایگەیاند، ئەوە پڕوپاگەندەی ئێرانەو هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکەیان، لە کاولکردنی شاری هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروپشتی. خودی سەدام حوسەین تاوانەکەی خستە ئەستۆی ئێران، سەرۆکی ئەمریکا ڕۆناڵد ڕیگان (١٩٨١-١٩٨٩) و دەزگای هەواڵگری ناوەندیی پشتگیریان لە لێدوانەکەی سەرۆکی عێراق دەکرد، سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی چاوپێکەوتنی کەناڵی (CNN) دا جەختی کردەوە کە تاران کیمیاییبارانی هەڵەبجەی کردووە نەك بەغداد. لە ١٧ ئازار، تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوەداوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوانە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لە ئاستێکی باشدایە. لە ٢٣ی ئادار، چارلس ڕێدمان وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا عێراق بە پێشێلکاریی پڕۆتۆکۆلی جنێڤی ١٩٢٥ لەقەڵەمدا و سەرکۆنەی کردوەکەشی کرد، بەڵام هێشتا ڕۆڵی عێراق لە بەرپرسیارێتی تەواوی تاوانەکەی کەمدەکردەوە و پێداگری دەکرد کە بەڵگەی ئەوەش لە ئارادایە کە پێدەچێت ئێرانیش لە شەڕەکەدا چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت. (سالح، ٢٠١٣: ٢٩١-٢٩٢). هەرچەندە هەڵوێستی کۆنگرێسمانەکان بە قازانجی تۆمەتبار کردنی عێراقدا شکایەوە، لە ئەنجامیشدا پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆری دیبلۆماتکارانی ئەمریکا، لە ٩ی مایس بڕیاری ٦١٢ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو کە سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکرد لەلایەن هەردوو وڵاتەوە، هانی هەردوولای دا کە واز لە بەکارهێنانی ئەو چەکە بهێنن. و ئیدارەی ڕیگانیش لە ڕونکردنەوەیەکدا جەختی کردەوە کە ئەمریکا بەبێ سڵکردنەوە لە شەڕو ململانێی کەنداودا بەکارهێنانی نایاسایی چەکی کیمیایی لەلایەن هەردوولاوە سەرکۆنە دەکەین. هەر لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە کە " بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە خەڵکی مەدەنی هێرشێکی بەد و ناپەسەندە دژ بە شارستانییەت و مرۆڤایەتی". (سالح، ٢٠١٣: ٢٩٥) هەرچەندە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش هیچ ڕێوشوێنێکی بۆ سزادان لە ئەگەری سەرپێچی دیاری نەکردبوو، بەڵام ئەوە یەکەم جاربوو کە ئەنجومەن وەڵامدانەوەیەکی بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە هەبێت.

ئەگەرچی ویلایەتەیەکگرتووەکان لە سەرەتادا بێدەنگی هەڵبژارد لە بەرانبەر بەو تاوانە و تەنانەت وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند نازانن کە ئێران یان عێراق ئەو چەکەی بەکارهێناوە، بەڵام پاش دە ساڵ لەو ڕووداوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا بە ئاشکرا تاوانەکەی خستە ئەستۆی عێراق و تێیدا هاتووە؛ لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجە، بە مەزەندەکردن ٥٠٠٠ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و زیاتر لە ١٠،٠٠٠ کەسیش بریندار بوون. هەڵمەتی دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی، کە جینۆسایدی هەڵەبجەی لەخۆگرتبوو، تاکە جار نەبوو کە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. بە مەزەندەکردن ٢٠ هەزار سەربازی ئێرانی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لەلایەن عێراقەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٨ کوژراون... دوای دە ساڵ لە تاوانەکە، هێشتا خەڵکی هەڵەبجە بەدەست کاریگەرییەکانی ئەو هێرشەوە دەناڵێنن.. ئەمرۆ بەتایبەتی هاوسۆزی ئەمەریکا لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجەدایە، لەکاتێکدا بەبیر خۆمان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەهێنینەوە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان وریابێت و عێراق لە دووبارە بنیاتنانەوەی بەرنامەکانی چەکی کۆمەڵکوژی ڕابگرێت. تاکە ڕێگا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕژێمی سەدام حوسێن جارێکی دیکە ناتوانێت خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ بێت و دژی گەلی عێراق یان هەر کەسێکی تر بەکاری بهێنێت، ئەوەیە کە پشکنەرانی چەکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەجێ و بێ مەرج و بێ سنوور دەستیان بگات بە پشکنینی هەموو شوێنێک لە عێراق. (U.S. Department of State, 2001)

پاش کیمیاییبارانی هەڵەبجە عێراق بێدەنگی لەسەر ئەو پرسە هەڵبژارد و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام نەدا. لەڕووی میدیاییشەوە، میدیای عێراق بەهیچ شێوەیەك باسی نەکردووە. تەنانەت ڕێگری کردووە کە خەڵکیش باسی ئەو تاوانەش بکات، هەر جۆرە قسەکردنێکیش لەوبارەوە دەچووە خانەی تاوانەوە. لە دادگایی عەلی حەسەن مەجیددا، کاتێك تاوانبار لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەدا نکۆڵی لەوە کرد کە عێراق تاوانەکەی ئەنجامدابێت، دادوەر لێی پرسی، ئەگەر عێراق ئەو تاوانەی ئەنجام نەداوە، ئەی بۆچی بێدەنگ بووە؟ بۆچی هەوڵی نەداوە

لەڕووی میدیاییەوە بیوروژێنێت؟ مەجید ئاماژەی بەوە کرد کە لە سەرەتادا ئەمریکییەکان ڕوونکردنەوەیان داوە و ئێرانیان تاوانبار کردووە، بەڵام عێراق بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەبڕوای عەلی حەسەن مەجید ئەوە هەڵبووە و دەبوو عێراق نارەزایەتی دەربڕیایە. (عارف، ٢٠١٣: ٢٤٥) پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ٢٠٠٣، ١٨ تەن بەڵگەنامەی نهێنی پۆلیس و هەواڵگری عێراق کە نزیکەی پێنج ملیۆن لاپەڕەیە کەوتە بەردەست، بە گوتەی یوست هیلتەرمان کە خۆی دەستی بەو دۆکیۆمێنتانە گەیشتووە، تاکە یەک سەرچاوەیان لە ماوەی جەنگدا ئاماژەیان بە هیچ هێرشێکی کیمیایی ئێران نەکردووە، لە کاتێکدا کە بەردەوام و بێتەمومژ، ئەگەر بە ئاشکراش نەبوبێت، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خۆیان سەلماندووە. هەروەها بەڵگەنامەکان گێڕانەوەی زۆری تێدایە کە سکاڵای هاوڵاتیانی کورد و ئێرانیە کەوا عێراق هێرشی کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە جێبەجێکردووە، بەبێ ئاماژەکردنێك بۆ پاکردنەوەی پەرێزی خۆیان یان داوا بکەن زانیاریی دروستیان پێبدرێت، یان هەر گوزارشتێك کە ئێران تۆمەتبار بکات. بۆ سەلماندنی ئەوەش ئاماژە بۆ چەندین نوسراو و بەڵگەنامە دەکات. لەو بەڵگەمانەدا دەردەکەوێت کە عێراق لەبری وشەی چەکی کیمیایی وشەی چەکی تایبەت (عتاد الخاص) یان لێدانی تایبەت (الضربات الخاصة) بەکارهێناوە. (هیلتەرمان، ٢٠٠٨: ٢٣٤-٢٣٥)

لەلایەکی دیکەوە، لە دادگای تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو، کاتێك دادوەر دادگایی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید دەکرد سەبارەت بە بۆردوومانی کیمیایی هەڵەبجە، ئاماژە بە ئیفادەی دوو کەس لە بەکارهێنەرانی سستمی ڕادار لە ڕژێمی پێشوو دەکات، کە کە لەکاتی دادگاییەکە ئیفادەیان داوە هێزی ئاسمانی و سستمی ڕادارای عێراق زۆر بەهێزتر و باڵادەستر بووە بە بەراورد بە هی ئێران. بەڕادەیەك ئەوان تەنانەت فڕینی فڕۆکەیان بە ئاسمانی تارانیش دەستنیشان کردووە، ئەو دوو کەسە گەواهییانداوە کە فڕۆکەکان لە فڕۆکەخانەی سەربازیی کەرکوك کە ناسراو بووە بە بنکەی ئازادیی کەرکوك، بنکەی سەدام لە موسڵ و بنکەی بەلەد فڕیون. هەرجارەی پێنج فڕۆکە هەستاون، بە نۆرە بۆردوومانیان کردووە و گەڕاونەتەوە. کاتێك ئەوان لە شاشەوە بینیویانە، سەرسام بوون بەوەی کە فڕۆکەکان خاکی عێراقد بۆردومان دەکەن نەك ئێران. ئەو دوو کەسە، بە وردی شوێنی هەستان و ئاڕاستە و نیشتنەوەی فڕۆکەکانیان زانیوە. عەلی حەسەن مەجید هەرچەندە نکۆڵی لەوە ناکات کە هێزی ئاسمانی عێراق بەسەر ئێراندا باڵادەستبووە، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە هێزی ئێرانی نەتوانێت دزە بکاتە ناو ئاسمانی عێراق یان بە تۆپخانە و ڕاجیمە بۆردومانی هەڵەبجە نەکات (عارف، ٢٠١٣: ٢٥٦-٢٥٧).

لە بەڵگەنامەیەکدا کە وتارێکە لەلایەن هۆبەی سیاسی، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتیی بە ژمارە ٦١٧٤ لە ٢٠٠٠/١٢/١٣ هاتووە، کە بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە ٣١٩٦ لە ٢٠٠٠/١٢/١٠، ئاماژەی بە دیدارێکی عەمیدی فڕۆکەوان جەودەت موستەفا ئەلنەقیب (کە بە خیانەتکار ناوی دەبات) لەگەڵ ئێزگەی عێراق ئازاد کە بارەگاکەی لە لەندەن بووە (هەرچەندە بارەگای ڕادیۆکە لە پراگ پایتەختی چیك بووە نەك لەندەن- تۆێژەر). لەو دیدارەدا کاتێك لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا ڕۆڵی فڕۆکەوان لە کیمیاییبارانی هەڵەبجە چی بووە، ناوبراو دەڵێت؛ " کە ئەو لە ژووری عەمەلیات بووە کاتێك لەڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانییەوە لە بارەگای فەیلەق یەکەوە زانیاریان پێگەیشتووە هەڵەبجە لەلایەن هێزە کوردییەکان و ئێرانییەکانەوە داگیرکراوە. دواتر فەرمانیان لە سەرۆکایەتییەوە بۆ هاتووە کە چەکی کیمیایی بەکاربهێنین لە دژی ئەو ناوچەیە، فڕۆکەیەکی هەواڵگری (استطلاع) ناردووە بۆ ئەو ناوچەیە، بۆیان دەرکەوتووە کە ناوچەکە لەلایەن هێزی ئێرانی و کوردییەوە داگیرکراوە، فەرمان دەرچوو بە فڕۆکەی ئیلیوشن (Ilyushin Aircraft) بە ماددەی کیمیایی لە ناوچەکە بدرێت، بنکەی کەرکوکمان ئاگادارکرد کە سێ فڕۆکە بۆ جێبەجێکردنی پەلامارەکە بنێرێت. دواتر فڕۆکەی دیکەی هەواڵگریمان نارد بۆئەوەی وێنە و ڤیدیۆی ناوچەکە بگرێت". بەگووتەی ئەو، فەرمانی لەو جۆرە تەنها لە ژووری ئۆپەڕاسیۆنەکانی سەرۆکەوە دراوە و کەس ئەو دەسەڵاتەی نەبووە. دواتریش لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئایا پەلاماری بنکەی ئێرانییەکانتان داوە، ناوبراو ئەوەی وتووە کە بەڵێ لەڕێگەی تۆپی دوورهاوێژەوە کە هەڵگری کیمیایی بوون بۆردوومانی ئێرانییەکان کراوە. (عارف، ٢٠١٣: ٨٥٥) وادیارە فڕۆکەکان بۆردوومانی ناوشاریان

کردووە و تۆپهاوێژەکانیش بنکە سەربازییەکانی ئێرانیان بە ئامانج گرتووە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕۆژی ١٧ی ئادار، ئێرانیەکان فڕۆکەیەکی جۆری سیخۆ ٢٢ لە ئاسمانی هەڵەبجە دەخەنە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەی یەخسیر دەکەن، ناوی فڕۆکەوانەکە عەقید ئەحمەد شاکر بووە، پاش چەند ڕۆژێك لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە تاران ڕایگەیاند، کە بەغدا بەرپرسە بە کیمیابارانی هەڵەبجە و خودی ئەو بەشداربووە لە جێبەجێکردنی لێدانی هێزەکانی ئێران لە بەرەی باشووردا، بە گوتەی ئەو چەکە کیمیاییەکان لەلایەن کەسانی نهێنیەوە کە جلی فڕۆکەوانیان لەبەردابووە لەناو فڕۆکە سەربازییەکاندا ڕێکدەخران لە هەر دوو بنکەی ئاسمانی بەلەد و کەرکوك لە عێراقدا. (هیلتەرمان، ٢٠٠٨: ٢٣٦).

لە ئەنجامی ئەو تێکشکانەی سوپای عێراق لەبەرەی هەڵەبجە فەرماندەی فیرقەی تۆپخانە (فیرقەی ٣٤ی پیادە، عمید الرکن علی العلکاوی) و ژمارەیەك ئەفسەر و بەرپرسی دیکەی سەربازی، بە ڕای فەریق ڕوکن رعد مجید، شۆکێکی نەرێنی بووە بۆ وەرەی هێزەکانی عێراق، ئەو پێیوایە شاخی شەمێران بەربەستێکی گەورە بووە لە بەردەم گرتنەوەی هەڵەبجەدا، ئەوەش هێزەکانی عێراق تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، بەگوتەی ئەو ئەوەی ڕوویداوە لە ناوچەکە هیچی کەمتر نەبووە لە گیرانی فاو لە ساڵی ١٩٨٦. لە هەوڵێکدا بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵوێست، فەرماندەی فەیلەق یەك لیوا ڕوکن کامیل ساجد، بە پشتگیریی سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی سوپا فەریق یەکەم ڕوکن نزار خەزرەجی و سەرۆك کۆمار، فەرمانکرا بە لەسێدارەدانی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەران و سەربازانی هەڵاتووی جەنگ ، بەتایبەت لە هێزە تایبەتەکان. حوکمەکان ڕاستەوخۆ لە مەیدانی جەنگ جێبەجێ دەکران، ئەوەش ئامر لیوای ٦٦ی هێزە تایبەتەکان عەقید ڕوکن جعفر صادق ناچار کرد بەپەلە بەرەو بەغداد بەڕێ بکەوێت و چاوی بە سەدام بکەوێت بۆئەوەی ئەو لەسێدارەدانانە ڕابگرێت. پاش ئەوە توانی موقەدەمی لیواکەی عەقید ڕوکن وەفاء و ژمارەیەك ئەفسەر و ١٢ سەرباز کە لە هێزە تایبەتەکان مابوونەوە لە لەسێدارەدان ڕزگاریان ببێت. (الحمدانی، ٢٠٠٧: ١٤٥)

دۆخەکە خراپتربوو دوای ئەوەی فیرقەی ٨٤ی ئێرانی چوونە هەڵەبجە و لیوای المضلی ٥٥ی ئێرانی بە ئامانجی هێرشکردنەسەر بەرزاییەکانی شەمێران چوونە پێشەوە. ئەوکات لیواء حسەین کامیل کرایە سەرپەرشتیاری گاردی کۆماریی و سەرپەرشتی ئەفسەرانی پسۆڕی دەکرد وەك ئامر مەدفەعی (عمید س) صنف کیمیایی (عقید روکن ح). هێزەکانی گاردی کۆماریی هێزێکی تۆپهاوێژی تایبەتیان هەبوو کە پێکهاتبوو لە شەش کەتیبەی تۆپهاوێژ، لەوانە کەتیبەی مووشەکی ڕاجیمە ١٣٤ کە هەڵگری کڵاوەی کیمیایی بوون، جۆرێکی دیکە پێی دەوترا صقر ١٨، ئامرەکەی بریتی بوو لە (موقەدەم ر. م). ئەو هێزانە بە هەزاران تۆپ و ڕاجیمەی کیمیایی و مووشەکی ٧٢٠ی کیمیایی پەلاماری هێزەکانی ئێرانیاندا و سوپای پاسدارانیان ناچار کرد کە بکشێنەوە بۆ ئێران. نووسەر لێرەدا دەڵێت کە ١٥٠ کەس لە خەڵکی هەڵەبجە کوژراون، کە نەیانتوانیوە شارەکە بەجێبهێڵن، لەکاتێکدا زۆربەی دانیشتوانی شارەکە لە سەرەتای دەستپێکی ئۆپراسیۆنەکانەوە شارەکەیان بەجێهێشتبوو. لەهەمانکاتدا فەرماندەی گشتی بارەگای لە سلێمانی کردووەوە و وەزیری بەرگری عەدنان خەیروڵڵا لە سلێمانی مایەوە بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی هێزەکان تاوەکوو ئامادەکاری بکرێت بۆ جەنگی ڕزگاری فاو. (الحمدانی، ٢٠٠٧: ١٤٦)

لە لایەکی دیکەوە، وەفیق سامەرائی کە لەکاتی بۆردومانی هەڵەبجە بەڕێوبەری هەواڵگری سەربازی عێراق بووە، بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە هەڵەبجە لەلایەن فڕۆکە عێراقییەکانەوە کیمیاییبارن کراوە. لەو بارەوە دەڵێ: " لە ١١ی ئازار هێزەکانی ئێران لە کەرتی هەڵەبجە لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی دەستیان بە هێرشەکە کرد. شەڕەکە پەرەیسەند و بووبە داگیرکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئێرانەوە. لە ئاکامدا عێراق بە ٥٠ فڕۆکە کە هەریەکەیان بە چوار بۆمبی کیمیایی ٥٠٠ کیلۆگرام بارکرابوون، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هێرشیان کردە سەر هەڵەبجە و پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیل قڕکران. بەڵام سەرباری ئەوەش، شەڕ نەوەستا و بەرەو باشوور درێژبوویەوە بەرەو دەربەندیخان، هێزەکانی ئێران تەنها چەند کیلۆمەترێک لە بەنداوی دەربەندیخانەوە دوورىبوون، کۆنترۆڵکردنی ئەو بەنداوەش، بەواتای کۆنترۆڵکردنی دەریاچەیەکی گەورە, کە نزیکەی چوار ملیار مەتر سێجا ئاو لەخۆدەگرت، ئەو ڕێژەیەش بەس بوو بۆ ژێر ئاوکەوتنی پارێزگاکانی دیالە و بەغدا

و قايمقاميەتەكانى باشوور". (السامرائى، ١٩٩٧: ١٠٤)

يەكێك لەو فرۆكەوانانە كە بەشدارى لە جەنگى هەڵەبجەدا كردووە لە پاش ڕووخانى ڕژێم دەستگيركراوە، فرۆكەوانەكە ناوى تاريق ئيبراهيم ڕەمەزان بەكر ئەلعەزاوييە، ناوبراو بە عەرەب ناسراوە بەڵام بە ڕەچەڵەك تورکمانە و دانيشتووى شارى كەركوك بووە، پاش گۆڕينى ڕژێمى عێراق لە ٢٠٠٣، ئەو وەك وەرگێڕ لەگەڵ نوێنەرايەتى بەريتانيا لە شارى كەركوك كارى كردووە، بەڵام هێزەكانى ئاسايشى كوردستان (يەكێتى) دەيناسنەوە و دەستگيرى دەكەن، ماوەيەكى زۆر لە زيندانى ئاسايشى گشتى لە سلێمانى دەبێت، لەوێدا دان بە تاوانەكەيدا دەنێت كە بەفرۆكەى جۆرى ميراجى فەرەنسى بەشدارى لە كيميايىبارانى هەڵەبجەدا كردووە، لەو دەمەشدا، دادگاى سەرانى ڕژێمى پێشوو كە ناسراوە بە دادگاى باڵاى تاوانەكان ئەنجام دەدرێت، بڕيارەدەبێت كە تاريق وەك شايەتحاڵ دان بە تاوەنەكەيدا بنێت لە بەردەم دادگادا، بەڵام بە هەوڵى كەسوكارى ناوبراو لە كۆتايى ئۆكتۆبەرى ٢٠٠٨، بە كەفالەت لە زيندان ئازاد دەكرێت، و پاشتر هەڵدێت بۆ ئوردون و دواتر لە بەريتانيا گيرساوەتەوە. (ئاوێنە، ٢٠٢١) بەوەش، كەيسى هەڵەبجە زيانێكى گەورەى بەركەوت.

لەناو زۆرێك لە هەڵەبجەييەكان بۆ چونێك هەيە, كە فەرماندە مەيدانييەكانى سوپاى عێراق پێشتر لەگەڵ ئێران هەماهەنگييان كردووە و زانيارى تەواويان لەسەر بارەگا و ئامادەيى هێزەكانى عێراق داوەتە ئێران، لەلايەكى دیكەوە زانيارى دروستيان نەگەياندووە بە سەرووى خۆيان و لەكاتى خۆيدا داواى هاوكارى و پشتگيرى لەشكرى عێراقيان نەكردووە. ئەوە تەنها پڕوپاگەندە نييە، بەكر حەمە سديق، يەكێك لە پارێزەرانى كەيسى دادگاييكردنى سەرانى پێشووى ڕژێمى عێراق، دەڵێت: " ڕۆژى ١٥ى ئادار فەرمانبەرێك بەناوى زەكەريا لە فەرمانگەى پۆستە و گەياندن (بەدالە) هەڵەبجە كۆتا پەيوەندى تەلەفۆنى نێوان عەلى حسەين عوبيد فەرماندەى ليواى ٤٤٣ لەگەڵ سەدام كە لەوكاتەدا بە سەردانێكى مەيدانى لە شارى سلێمانى دەبێت ڕێكدەخات، لەوكاتەدا، سوڵتان هاشم داوا لە فەرمانگەى ناوبراو دەكات كە پەيوەندى لەگەڵ ئامر ليوا بۆ ڕێك بخات و جەنابى سەرۆك (سيد الرئيس) لێرەيە، فەرمانبەرەكە گوێبيستى هەندێك لە گفتوگۆكان دەبێت، لە كۆتايى گفتوگۆكان، فەرماندەكە وەك سوكايەتى كردنێك، لە وەڵامى سەدام كە داوا دەكات بەرگرى لە هەڵەبجە بكەن و سەدام پرسيارى ئەوەى لێ دەكات، كە ئايا پێويستييان بە هاوكارى نييە، لە وەڵامدا عەلى حسەين عوبێد وەك سوكايەتيكردنێك بە سەدام دەڵێت: "برۆ دايكى عودەى بێنە بۆ بەرگرى". بەو جۆرە گفتوگۆكە كۆتايى هاتووە، ئيدى پەيوەندى هەڵەبجە و سوپاكەى بە سەركردايەتييەوە پچڕاوە. (چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ بەكر حەمەسديق عارف، ٢٠٢٤) ئاشكرايە كە سەدام پياوێكى خێڵەكى بووە، لەناو عەرەبيشدا باسكردنى خێزانى بابەتێكى قورسە و سزاكەى مەرگە، هەربۆيە دەگونجێت هەر لەوكاتەوە سەدام بڕيارى تۆڵەكردنەوەى دەستە جەمعى خەڵكى مەدەنى، سوپاى عێراق، هێزى پێشمەرگە و ئێرانييەكانى دابێت.

ئەنجام

١. ئێرانييەكان بەسودوەرگرتن لە هاوكارى هێزى پێشمەرگە و نائاگايى و نائامادەيى پێويستى سوپاى عێراق لە ناوچەكەدا، لەكاتێكى زۆر كەمدا توانيان بەشێكى زۆرى پلانى جێبەجێكردنى جەنگەكە جێبەجێ بكەن.

٢. ئۆپەراسيۆنى داگيركردنى هەڵەبجە لەلايەن ئێرانەوە پلانێكى پێشوەختەى ئێرانييەكان بووە، بەڵام لە كات و ساتێكى تايبەت و گونجاودا ئەنجامدراوە. ئەو ئامانجانەى كە ئەم ئۆپراسيۆنەى بۆ كراوە هيچيان بەدى نەهاتن. عێراق هێزەكانى لەبەرەى باشوور نەگواستەوە بۆ هەڵەبجە، سوپاى ئێران نەيتوانى دەستبەسەر بەنداوى دەربەندیخاندا بگرێت، نەشيتوانى ڕێگاى سلێمانى - بەغدا ببڕێت.

٣. عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتنى هەرچى زياترى پێشڕەوى ئێرانييەكان چەكى كيميايى بەكارهێنا، هەروەها وەك سزادانێكى بەكۆمەڵ چەكى كيميايى دژى هەڵەبجە بەكارهێناوە، لەلايەكەوە سزاى خەڵكى پێداوە، چونكە پێشتڕێش بەرنامەى هەبوو كە خەڵكى هەڵەبجە ڕاگوێزێت و سنوورەكەى بكاتە ناوچەيەكى قەدەغەكراو، لەلايەكى دیكەوە سزاى هێزى پێشمەرگە و سوپاى ئێرانى بدات و پێشڕەوييەكانيان

ڕابگرێت.

٤. سەرباری ئەوەی کە ئەرشیفی ئێرانی زۆر دەوڵەمەندە بە تۆماری زانیاری وردی شەڕەکە، بەڵام نا هاوسەنگییەك هەیە، ئەرشیفی عێراق بەهۆی گۆڕانی ڕژێمی سیاسی لە عێراق بەردەست نییە، ناوەند و ئەرشیف و بەڵگەنامە عێراقییەکان وەك پێویست بەردەست نین، ئەوەش وایکردووە داتای پێویست و بەرانبەر بۆ ڕاستاندنی زانیاریی و داتای ئێرانییەکان بەردەست نەبێت. ئەوەش کە هەیە، بەشێکی بیرەوەریی و یاداشتی فەرماندە سەربازییەکانە، ئەو نووسینانەش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە گۆڕاون.

سەرچاوەکان:

أ. کتێب بە زمانی کوردی:

١. هەورامانی، ئیبراهیم، ٢٠١٧، بۆ مێژوو یاداشتەکانی شایەتحاڵێك، پرۆژەی بە دیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامە زارەکییەکان (٤)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم.

٢. حەمەسەعید، حەمەی، ٢٠١٦، دەنگی خاك بیروەری ١٩٧٦-١٩٩١، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣. سالح، گۆران ئیبراهیم، ٢٠١٣، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا ٦ی ئازاری ١٩٧٥ – ٢ی ئابی ١٩٩٠، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤. عەلی، عادل صدیق، ٢٠١٨، کۆمەڵکوژیی کورد لە جەنگی ئێران-عێراقدا هەڵەبجە (١٩٨٨/٣/١٦) بە نموونە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.

٥. هێڵتەرمان، یوست، ٢٠٠٨، کارێکی ژەهراوی ئەمریکا و عێراق گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێڕانی، محەمەد حەمە سالح تۆفیق، چاپخانەی کۆمپانیای ئاوێنە.

٦. میدڵ ئیست ووچ، ٢٠٠٤، جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، وەرگێڕانی، محەمەد حەمەسالح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

ب. کتێب بە زمانی عەرەبی:

١. الشریل، غسان، ٢٠١٠، العراق من حرب الی الحرب صدام مر من هنا، نسخه مجمعه مما نشر فی جریدة الحیاة ضمن سلسة یتزکر.

٢. الحمدانی، الفریق الرکن رعد مجید، ٢٠٠٧، قائد فیلق الحرس الجمهوری العراق الثانی (الفتح المبین)، قبل أن یغادرنا التأریـخ، الدار العربیة للعلوم- ناشرون، الطبعة الاولی، بیروت.

٣. السامرائي، الواء الرکن وفیق، ١٩٩٧، الحطام البوابة الشرقیة وحقائق عن زمن سيء فی العراق (قرأة جدیدة فی حربي الخلیج الاولي والثانی.

٤. اطلس الحرب الایرانیة-العراقیة ملخص للمعارك البریة ٢٢ أیلول ١٩٨٠-٢٠ أب ١٩٨٨، ٢٠١٣، مرزوبوم للنشر، طبع ١، تهران.

٥. الخزرجی، نزار عبدالکریم فیصل ٢٠١٤، الحرب العراقیة- الایرانیة ١٩٨٠-١٩٨٨ مزکرات مقاتل، المرکز العربی للابحاث و الدراسه السیاسات، قرطبه للنشر لرقمی، طبعة الاول، بیروت.

ج. کتێب بە زمانی ئینگلیزی:

1. Pelletiere, Stephen C. 2016, Oil and the Kurdish Question How Democracies Go to War in the Era of Late Capitalism, published by Lexington Books, Printed in the United States of America.

2. Pelletiere, Stephen C. 1992, THE IRAN-IRAQ WAR: Chaos in a Vacuum, PRAEGER, an imprint of Greenwood Publishing Group, Inc. Printed in the United States of America.

گۆڤار به زمانی کوردی:

١. حەسەن، ئەرکان ئەحمەد و محەمەدئەمین، فاروق محەمەد، ٢٠٢٠، ڕۆڵ و ئامانجی کۆماری ئسلامی ئێران لە بەنێودەڵەتیکردنی کیمیاییبارنکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، Volume 5,Issue 1, March 2020

گۆڤار به زمانی فارسی:

٣. دری، حسن، ١٣٩١، گزارش بازجوی اسیر عراق سرلشکر علی حسین عوید لعلگاوی فرمانده لشکر ٤٣ پیاده ارتش عراق، نشریه نگین ایران، بهار ١٣٩١، شماره ٤٠.

٤. سرمدی، سعید، بررسی روند عملیات والفجر ١٠ و چگونگی ادامه عملیات در جلسه فرماندهان سپاه، فصلنامه تخصصی مطالعات دفاع مقدس، نشریه نگین ایران، بهار ١٣٩٤، شماره ٤٠.

٥. زارع زاده، نادر، ١٣٩٩، اطلس لشکر ١٧ علی بن ابی طالب (ع) در دوران دفاع مقدس به کوشش گروه مطالعات و جغرافیای نضامی، چاپ ١، مرگز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس.

سایته ئەلیکترۆنییەکان:

٦. الخزرجي، نزار، ٢٠٢٣، ماذا حصل في حلبجة وحملة الأنفال؟ - نزار الخزرجي - وفي رواية أخرى، جزء ٦، مقابله مع قناه العربی- اخبار، ڕۆژی سەردان ٢٠٢٥/٢/١٠، https://www.youtube.com/watch?v=BDoi_aj-JSY&t=140s

٧. بابیر، علی، ٢٠٢٢، ماذا دار بین علي بابیر وعلي حسن المجید من نقاش خلال وجوده في المعتقل، قناة العراقية الإخبارية. رابط: ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/١٦: https://www.youtube.com/watch?v=KFJZvYlPDIQ

٨. شحمانی، سلیم، ٢٠٢٤، معرکة حلبجة من الف الی الیاء، https://www.youtube.com/watch?v=TWfVvmRekT٠

9. Office of the Spokesman Press Statement, U.S. Department of State, 2001, Press Statement by James P. Rubin/Spokesman March 16, 1998, Anniversary of the Halabja Massacre, Available at: https://1997-2001.state.gov/briefings/statements/1998/ps980316a.html

10. Adams, Dr. Simon, 2018, Halabja, Chemical Weapons and the Genocide Against the Kurds: Implications for Iraq and the World Today, global center for the responsibility to protect, Available at: https://www.globalr2p.org/publications/halabja-chemical-weapons-and-the-genocide-against-the-kurds-implications-for-iraq-and-the-world-today/

١١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەکر حەمەصدیق عارف، هەڵەبجە، ٢٠٢٤/١٠/١٢.